یەکسالّ بەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێپەڕی

خەبات
لە ماڵ پارێزاو دەبین
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5971) یەک شەممە 12ی تەممووز 2020 «20» لاپەڕە «500» دینار

مەسرور بارزانی ئیرادەی بەهێزی حکومڕانێتی و جێبەجێکاری چاکسازی

یەکسالّی ڕێک بەسەر سوێندخواردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت تێپەڕی، هەر لە سەرەتاوە، کابینەی نۆیەمی حکوومەت دەستیکردن بە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕۆتین و جێبەجێکردنی سەدان پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

لەیادی 77ەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی دووەمی بارزان (1945-1943) بە سەرۆکایەتی رابەری کورد بارزانیی نەمر

(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی شەقامی 100 مەتری سلێمانی دانا



مەسرور بارزانی: ئەم پرۆژەیە نیشانەیەکە بۆ بەردەوامیی و ناهێڵین هیچ قەیران و ئاستەنگێک بمانوەستێنێت

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێورەسمی دانانی بەردی بناغەی شەقامی 100مەتری لە سلێمانی ڕایگەیاند «شەقامی 100مەتری سلێمانی، یەکێکە لە پرۆژە هەرە گەورە و ستراتیژیەکانی حکومەت بۆ شاری خۆشەویستی سلێمانی و خەڵکی سلێمانی شایەنی پرۆژەی زیاترن».

دوێنێ شەممە 2020/7/11 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و ژمارەیەک وەزیر و پارێزگاری سلێمانی، بەردی بناغەی شەقامی 100مەتری سلێمانی دانا. سەرۆکی حکومەت لە گوتاری دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکە گوتی: «خۆشەویستانی سلێمانی شایەنی ئەو پرۆژەیە و پرۆژەی گەورەترن، راستە ئەو پرۆژەیە دەمێکە قسەی لەسەر دەکرێت، ئێمە بەڵێنەکەمان بردە سەر. ئەمەش دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ خەڵکی سلێمانی و تەواوی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان». **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ساسان عەونی: پرۆژەی 100مەتریی سلێمانی لە سەرەتاوە جێی بایەخی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ڕۆژانە حکوومەتی هەرێم 840ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی ئاو خەرج دەکات و 2.1ملیۆن سێجا ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ هاووڵاتیان بەرهەم دەهێنێت. ڕاشیگەیاند: لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەولەویەتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بوو، بۆ خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە عێراق گەیشتووەتە 75 هەزار کەس

وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند دوو هەزار و 734کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نۆێ بوون و 95کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە. دوێنێ شەممە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی 24کاتژمێردا، دوو هەزار و 734کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نۆێ (COVID-19) بوون و 95کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە.

لەئێستادا گفتوگۆ لەبارەی دەرکردنی هێزە بیانییەکانی کەرکووک دەکرێت

ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، ڕایگەیاند: گفتوگۆکانی ئێمە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک لەگەڵ پێکهاتەکان دەستیپێکردووەتەوە و لە ئێستاشدا لەو خاڵە گفتوگۆ دەکەین کە هێزە بیانییەکان دەربکرێن و هێزێک لە پێکهاتەکانی ناوچەکە بۆ سنوورەکە دروست بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

د. ئامانج ڕەحیم: لە 33 کۆبوونەوەی ڕابردوودا 65 بڕیار بەکۆدەنگی دراون

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەر بڕیارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران بدرێت، بۆ کۆی دەنگی هەموو فراکسیۆنە بەشدارەکانی ناو حکوومەت دەدرێت. لە ماوەی 33 کۆبوونەوەی ڕابردوو، 65بڕیار دراوە. هەموو بڕیارەکانیش بە کۆدەنگی بووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدوڵڕەحمان:

شێرزاد عەبدوڵرەحمان ڕۆڵی بەرچاوی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا هەبوو

(زیاتر لە 15 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەک ئاراستەی سەرۆکی وەقفی سوننی دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو غەیدا کەمبەش، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هاوژینی دکتۆر سەعد کەمبەش سەرۆکی وەقفی سوننی، سەرۆک مسعود بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی وەقفی سوننی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی :

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێز دکتۆر سەعد کمبش سەرۆکی وەقفی سوننی

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینە بەڕێزەکەتمان پێ گەییشت.

خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم و لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
11ی 7ی2020

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری سکرتێری گشتیی UN کۆبوونەوە

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان بۆ هەموو چارەسەرێک لەسەر بنەمای دەستوور ئامادەیە

نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی غەیدا کەمبەش ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کە بە کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد، دوێنێ پرسەنامەیەکی بلاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خوالێخۆشبوو د. غەیدا کەمبەش و ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەم کە ئەمڕۆ بەهۆی نەخۆشیی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لە دەست دا. هاوبەشی خەمیانم و لە خوای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر میهرەبانیی خۆی، سەبووری و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/7/10

بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزەکانی ئێران

ژمارەیەک کۆڵبەر کوژران و بریندار بوون

بەگوێرەی مالپەڕی هەنگاو ڕۆژی پێنجشەممە هاوکات لەگەڵ برینداربوونی پێنج کۆڵبەر لە شارەکانی پیرانشار و چالدێران دوو کۆڵبەری دیکەش بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون. بەپێی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری چالدێران تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و لە ئەنجامی ئەو دەستڕێژیەدا کۆڵبەرێک بە ناوی زیاد حاتەمی کوژراوە کە خەڵکی گوندی گوڵ بووە و خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە. لە لایەکی دیکەوە کۆڵبەرێکی لاو، خەڵکی ئاوایی نەنجێ لە پیرانشار بە ناوی ئیبراهیم ئەبوبەکری لە کوێستانەکانی قەندیل بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراوە کە ئەویش خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە. هەمان ڕۆژ لە سنوورەکانی نۆدشە، ئورمیە و سەردەشت پێنج کۆڵبەری دیکە بریندار کرابوون.

ڕۆژی چوارشەممە 8/7/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خاتوو جینین پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان تاوتوێ کرا کە تایبەتا خاتوو پلاسخارت پشتگیریی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ بەردەوامیی گفتوگۆی هەردوولا دووپات کردەوە و ڕایگەیاند: هەردوولا هان دەدەین لە گفتوگۆ و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەچارەسەر، بەردەوام بن. لای خۆیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو چارەسەرێک لەسەر بنەمای دەستوور ئامادەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەکەدا هەردوولا باسیان لە دواین پێشهاتەکانی بلاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و تیشکیان خستە سەر لێکەوتە هەمەلایەنەکانی و ڕێکار و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی غەیدا کەمبەش دەکات

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی غەیدا کەمبەش ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کە بە کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد، دوێنێ پرسەنامەیەکی بلاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خوالێخۆشبوو د. غەیدا کەمبەش و ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەم کە ئەمڕۆ بەهۆی نەخۆشیی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لە دەست دا. هاوبەشی خەمیانم و لە خوای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر میهرەبانیی خۆی، سەبووری و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/7/10

ئێمە زۆرینەین و پێکهێنانی هێزێک لەسەر بنەمای 32٪ ڕەتدەکەینەوە

شاخەوان عەبدوڵڵا: ئێستا گفتوگۆ لەبارەی دەرکردنی هێزە بیانییەکانی کەرکووک دەکەین



ئەندامی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووک، شاخەوان عەبدوڵڵا، ڕایگەیاند: گفتوگۆکانی ئێمە بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووک لەگەڵ پێکهاتەکان دەستیپێکردووەتەوە و لە ئێستاشدا لەو خاڵە گفتوگۆ دەکەین کە هێزە بیانییەکان دەربکرێن و هێزێک لە پێکهاتەکانی ناوچەکە بۆ سنووردار بکرێت.

شاخەوان عەبدوڵڵا، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: گفتوگۆکانی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو پارێزگایە دەستیانپێکردووەتەوە و بەردەوامن، لە ئێستاشدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێت، کە ئەو هێزە بیانییانەی لە سنووری کەرکووک هەن، دەربکرێن و هێزێک لە پێکهاتەکانی ناوچەکە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی خۆیان پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

عەبدوڵڵا گوتیشی: پێکهاتەکانی دیکە داوا دەکەن کە ئەگەر هێزەکەی دروست دەکرێت، پێویستە 32%بۆ هەر پێکهاتەیەک بێت، ئێمەش ئەوەمان ڕەتکردووەتەوە، چونکە ئێمە زۆرینەین، بۆیە ناکرێت بەو شێوەیە دروستکردنی هێزەکە دابەش بکرێت. ناوبراو باسی لەوەش کرد: لەسەر داوای نەتەوەیەکگرتووەکان گفتوگۆکان بەردەوان دەبن تا دەگەینە ڕێککەوتن و هەر کاتێکیش گەیشتینە ڕێککەوتن، کۆمبوونەوەی کۆتایی ئەنجام دەدەین و ڕێککەوتنەکە ڕادەگەیەنین.

دەشڵێ: گفتوگۆکان لەو شوێنە دەستیانپێکردووەتەوە، کە پێش هاتنی کۆرۆنا دەستمان پێکردبوو و بەردەوامیش دەبین تا دەگەینە ڕێککەوتن.

مستەفا کازمی: پلانێکی باشمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئامادەکردووە

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی دەروازەی سنووری مەندەلی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە بە ئامانجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کردەوە.

لەمبارەیەوە دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە مستەفا کازمی لە ڕێورەسمێکدا دەروازەی سنووری مەندەلی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە بە ئامانجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کردەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەمیانی کردنەوەی دەروازەی سنووری مەندەلی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە لە سەرجەم دامەزراوەکاندا کار بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکرێت، چونکە ئەوە یەکێکە لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران و گوتی: سەردانەکەم بۆ دەروازەی سنووری مەندەلی، پەیامێکی ڕوونە بۆ هەموو گەندەڵکاران لەوەی بوونیان نییە. مستەفا کازمی گوتیشی: پلانێکی باشمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئامادەکردووە و پێویستە هەموو لایەک هاوکاربن بۆ سەرکەوتنی پلانەکە.

حکوومەتی عێراق دوو دەروازە و ژمارەیەک بازگەی لە حەشدی شەعبی وەرگرتنەوە



حکوومەتی عێراق لە قەزای خانەقین و دەروازەی مەندەلی لەژێر کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی دەرهێندران و بە هێزەکانی وەزارەتی دەرەوەی خێرا سپێردران.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا بۆ دەرهێنانی ئەو دوو خاڵە سنووریە لەژێر کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی، حکوومەتی عێراق هێزێکی زۆری ڕەوانەی ناوچەکە کردبوو، مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق، خۆشی سەردانی دەروازە سنوورییەکانی کرد.

ڕێبوار هادی سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، ڕایگەیاندووە: لە کاتی شەڕی داعشەوە تا ئێستا دەروازە سنوورییەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا نەبوون، بەڵکوو لەژێر کۆنترۆڵی گرووپە چەکدارەکاندا بوون.

گوتیشی: حکوومەتی عێراق هەوڵێکی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو دەروازانە دەستپێکردووە، ئومێد دەکەین هەوڵەکانی سەرکەوتوو بێت.

بەپێی زانیارییەکان لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دەروازەکانی مەنزەریە و مەندەلی، لە ڕێگەی نێوان خانەقین و مەندەلیش هەشت بازگەی حەشدی شەعبی لابراون، کە شۆفێری بارهەڵگر سکالایان کردبوو، بەوەی لەکاتێکدا پارەی گومرگیان لێوەردەگیرێت، کەچی لەو هەشت بازگەیەش پارەیان لێدەسەنرێت. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مەنزەرە، ڕایگەیاندووە حەشدی شەعبی لەناوچەکانی باشوری عێراق لاواز بوون، بەڵام لەپارێزگای دیالە هێشتا بەهێزن، بۆیە حکوومەت پلانی کۆنترۆڵکردنی دیالەشی هەیە. لای خۆشیەوە مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەکاتی سەردانەکەی بۆ پارێزگای دیالە، ڕایگەیاند: چیتر ناهێڵین مولک و مالی گشتی لەم دەروازانەوە بدزرێت، هێزە ئەمنییەکان فەرمانیان پێیە، تەقە لەو کەسانە بکەن کە پێشێلکاری دەکەن.

هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان بەردەوامە، لە ئێستاشدا گرووپە چەکدارەکانی ئێران کۆنترۆڵی زۆربەی ئەو دەروازانە دەکەن کە لە دوای یەکەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی دەروازە سنوورییەکان بەردەوامە، بەڵام هێشتا حەشدی شەعبی کاردانەوەی نەنواندووە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی شەقامی 100مەتری سلێمانی دانا

مەسرور بارزانی: ئەم پڕۆژەیە نیشانەیەکە بۆ بەردەوامیی و ناهێڵین هیچ قەیران و ئاستەنگێک بمانوەستێنێت

ئێمە حکومەتێکی فرەلایەنین و هاوپەیمانین، بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەین لە حزبی جیاواز بین، ئەمەش وایکردووە گونجاوتر بەیەکەوە کار بکەین





مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی شەقامی 100مەتری لە سلێمانی ڕایگەیاند «شەقامی 100 مەتری سلێمانی، یەکێکە لە پڕۆژە هەرە گەورە و ستراتیژیەکانی حکومەت بۆ شاری خۆشەویستی سلێمانی و خەڵکی سلێمانی شایەنی پڕۆژەی زیاترن».

دوێنێ شەممە 2020/7/11 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و ژمارەیەک وەزیر و پارێزگاری سلێمانی، بەردی بناغەی شەقامی 100مەتری سلێمانی دانا.

سەرۆکی حکومەت لە گوتاری دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەکە گوتی: «خۆشەویستانی سلێمانی شایەنی ئەو پڕۆژەیە و پڕۆژەی گەورەترن، ڕاستە ئەو پڕۆژەیە دەمێکە قسەی لەسەر دەکرێت، ئێمە بەڵێنەکەمان بردە سەر. ئەمەش دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ خەڵکی سلێمانی و تەواوی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان».

سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند «ئێمە لە حکومەت بێ جیاوازی گرنگیمان بە هەموو ناوچەکان داوە، بەڵام دوای دەستپێکردنی کارەکان هەندێک قەیران هاتنە پێش، کە ڕێگری لە زۆر پڕۆژەی حکومەت کرد، بەڵام ئەم پڕۆژەیە نیشانەیەکە بۆ بەردەوامیی و ناهێڵین هیچ قەیران و ئاستەنگێک بمانوەستێنێت و کابینەکەشمان خزمەتگوزار دەبێت بۆ هەموو لایەک».

لە بارەی پێکهاتەی کابینەی حکومەتیشەوە گوتی «ئێمە حکومەتێکی فرەلایەنین و هاوپەیمانین، لە چەند حزبێکی جیاواز پێکهاتووین، بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەین لە حزبی جیاواز بین، ئەمەش وایکردووە تیمەکە گونجاوتر بەیەکەوە کار بکەین. ئێمە بەخۆم و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانەوە، کەسمان بە ڕوانگەی حزبییەوە کار ناکات».

لە بارەی دۆخی هەنووکەی هەرێمی کوردستانیش سەرۆکی حکومەت سوپاسی خۆڕاگریی و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستانی کرد، کە بە هۆی ئەو دۆخەی لە ئاکامی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی ئابووری هاتۆتە کایەوە. لەمبارەیەوە گوتی "ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی ئابووری، لەگەڵ بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، کە هەرەسی بە زۆر شوێنی جیهان هێناوە و کوردستانیش لەو قەیرانە بەدەر نییە، کاریگەری لەسەر حکومەت هەبووە و ناچاری کردووین خۆمان بگونجێنین. ئێمە لە خۆگونجاندن بەردەوام دەبین، هەنگاوی باشمان ناوە و شتی باشمان کردووە، ئەنجامەکانیشی دیارن".

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەر بەشێک لەم چاکسازییانە نەبووایە، ڕەنگە نەتوانرابوایە هەندێک لەو کار و پڕۆژانەی پێشکەشی دەکەین، ئەنجام بدرێن.

سەرۆکی حکومەت لەمبارەیەوە گوتی "پڕۆسەی چاکسازی بەردەوامە، بەڵام بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت ئەنجامەکانی بەدیار بکەوێن، شتی باشمان کردووە و بەشێک لەو چاکسازییانە ئەنجامەکەیان دیارە".


سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بە ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە پڕۆسەی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان کرد و گوتی "هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت وا دەکات زووتر ئەو قەیرانانە تێپەڕێنین و هەڵی کاری زیاتریش دابین بکرێت، دەتوانرێت دەرفەتێکی باشتریش بۆ ڕەوشی ئابووری کوردستان بەهێنینە ئاراوە.خەمی یەکەمی ئێمە دابینکردنی موچەیە، بەڵام دواجار جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژیش بۆ خزمەتی ئێوەی خۆشەویستە، دەکرێ زووتر ئەو قەیرانانە تێپەڕێنین و هەڵی کاری زیاتریش دابین بکرێت، دەتوانرێت دەرفەتێکی باشتریش بۆ ڕەوشی ئابووری کوردستان بهێنینە ئاراوە".

سەرۆکی حکومەت سوپاسی تیمی ئیدارەی خۆجێیی سلێمانی کرد، کە بە خەمخۆری و دڵسۆزانە لەگەڵ خەڵکی سلێمانی وەستاون و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی خۆیان جێبەجێکردووە و گوتی "لەوانەیە خواستی زۆری خەڵک ئەوە بێت دەستەڵاتی زیاتر بە پارێزگارەکان بدرێت، ئەوەش لە کارنامەی کابینەی ئێمەدا هاتووە و زۆرترین دەستەڵاتیشمان پێداون و لە داهاتووش زیاتر دەبێت".

سەرۆکی حکومەت پەتای کۆرۆنا بە مەترسییەکی جددی سەر ژیانی خەڵکی کوردستان لێکدایەوە و لەو بۆنەیەوە دووپاتیکردەوە"بۆ پاراستنی خۆتان و کەسوکار و هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان، پابەندی ڕێنماییەکان بن، تکا دەکەم با مەترسی ئەو پەتایە بە سیاسی نەکرێت، با ئەو خۆشەویستانەی لە کەرتی تەندروستی کار دەکەن لە پزیشکان و کارمەندان کە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسی لەبەر چاوتان بێت. ئەو ڕێنماییانەی حکومەت دەریکردوون، ئێستا ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر شانی هاوواڵاتیان، بۆیە خۆتان بپارێزن. دڵنیام دوای تێپەڕبوونی ئەو قەیرانە، حکومەت و هەرێمی کوردستان بە گشتی پێدەخاتە قۆناغێکی گەشتر و باشتر و ئابووریەکی بەهێزتر".

دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سیستەمی بایۆمێتری پەسەند کرا

ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ دەربارەی سیستەمی بایۆمێتری و گرفتەکانی کەرتی کشتوکاڵ دەکات



ڕۆژی چوارشەممە 2020/7/8 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەشداربوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبووەوە. لە دەستپێکی کۆبوونەکەدا، جێگری سەرۆک وەزیران ڕاپۆرتێکی دەربارەی پڕۆگرامی بایۆمێتری خستەڕوو کە تیایدا بە زانیاریی و وردەکارییەوە باسی قۆناغەکانی سیستەمەکە و ئامانج و دەرەنجامەکانی سیستەمی بایۆمێتری کرد کە پڕۆژەیەکی گشتگیر و فراوانترە لەوەی تەنیا داتابەیسێک بێت بۆ تۆماری بایۆمێتری مووچەخۆران.

ئەنجوومەنی وەزیران دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سیستەمی بایۆمێتری پەسەندکرد بە ئاراستەی بەرجەستەکردنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاریی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکوومەت و فراوانکردنی پڕۆگرامەکە تا بواڕەکانی دیکەش بگرێتەوە و ببێتە یارمەتیدەرێکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی کردارەکی چاکسازی و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت و هێنانەکایەی شێوازێکی نوێی چالاک بۆ حکوومەت و حوکمڕانی دروست.

دواتر بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە کەرتی کشتوکاڵی خستەڕوو، لەوانە ڕێکخستنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان کە بە جۆرێک بخرێتەوە خزمەتی گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ڕێگەگرتن لە تەرخانکردن و بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی بۆ مەبەستی ناکشتوکاڵی. لە تەوەرێکی دیکەشدا پلانی وەزارەتەکەی بۆ پەرەپێدانی نەمامگەکانی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری خستەڕوو لە ڕێگای پڕۆژەی هاوبەشی کشتوکاڵی لەگەڵ کەرتی تایبەت وەک سەرچاوەیەکی نوێی داهات و بەردوان بەو نەمامگایانە، ئەنجوومەنی وەزیران دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەو بوارانەدا.

لە تەوەرێکی دیکەشدا، ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، شارەوانی و گەشتوگوزار، داد)ی ڕاسپارد بۆ پەلەکردن لە ڕاییکردنی قەرەبووی ئەو جووتیارانەی کە خاوەنی گرێبەستی کشتوکاڵین و مافی یاسایی قەرەبووکردنەوەیان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە پشتڕاستکراوەتەوە لە بەر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان.

یەکسانْ بەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێپەڕی

مەسرور بارزانی ئیرادەی بەهێزی حکومڕانێتی و جێبەجێکاری چاکسازی



ث: خەبات-شاخەوان

یەکسانْی رێک بەسەر سوێندخواردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت تێپەڕی، هەر لە سەرەتاوە، کابینەی نۆیەمی حکوومەت دەستیکردن بە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و رۆتین و جێبەجێکردنی سەدان پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، لەم قۆناغەدا دەیەوێت پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش و هەماهەنگی ئامانجدار بونیاد بنێت و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداش لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن، لەلایەکی تریشەوە کابینەی نۆیەم بەجیدی کار دەکات بۆ ئەوەی بەهاوبەشی لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش و هەماهەنگی ئامانجدار بونیاد بنێت و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداش لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن، لەلایەکی تر

لە کابینەی نۆیەمدا 72 پرۆژەمان جێبەجێکردوون

دانا عەبدولکەریم: لە کابینەی نۆیەمدا هەماهەنگی باش هەیە و بڕیارەکانیش بە کۆدەنگی دەدرێن

دەمانەوێت 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەین



وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە ماوەی ساڵی رابردوودا 72پرۆژەیان ئەنجامداوە و چەند پرۆژەیەکی دیکەش بڕیاریان لێدراوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا نەتواندراوە جێبەجێ بکرێن.

دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە دیدارێکدا لەگەڵ کوردستان24 رایگەیاند: لە ماوەی ساڵێکدا 72پرۆژە بە بڕی 40ملیار دینار جێبەجێکراون، جگە لەوەش چەندین پرۆژەی دیکە خرانەتەوەگەڕ، بەتایبەتی پرۆژەی دووسایدی نێوان شارە گەورەکان.

دانا عەبدولکەریم گوتیشی: دەکرێ کارەکانی ئەم کابینەیە بکرێت بە دوو قۆناغ، قۆناغی پێش کۆرۆنا وەک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە توانیومانە کاری باش بکەین، هەروەها هەموو وەزارەتەکانی دیکە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون. ئاماژەی بەوەشکرد: دوای هاتنی کۆرۆنا ستراتیجیەتی حکوومەتی گۆڕانکاری بەسەر داهات، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەبوون کە خەڵکی کوردستان پارێزراوبن و کەمترین زیان بەر کوردستان بکەوێت، ڕێکارەکانی حکوومەت لەو چوارچێوەیە بە سەرکەوتووترین ڕێکار دانراوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسەکە، هەروەها لەگەڵ کەمبوونەوەی داهاتەکان خاڵێکی دیکە لە ستراتیجیەتی حکوومەت دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بووە.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە، ڕاشیگەیاند: لەم کابینەیەدا تا ڕادەیەکی باش هەماهەنگی هەیە لە بڕیاردان، زۆرجار ڕای جیاواز هەبووە، بەڵام بڕیارەکان بە کۆدەنگی دراون، هیواخوازم ئەم کۆدەنگییە لە ئەنجوومەنی وەزیران پتەوتر بکەین. ئەوەشی خستەڕوو: دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان لە پلانی وەزارەتەکەمان دایە و ئێستا 9هەزار یەکەی نشتەجێبوون لە واری جێبەجێکردندان، ئەگەر دۆخی دارایی لەباربێت دەمانەوێت 12هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەین.

حکوومەت زیاتر لە پێنج هەزار مامۆستای گرێبەستی دامەزراندووە

د. ئامانج ڕەحیم: لە 33 کۆبوونەوەی ڕابردوودا 65 بڕیار بەکۆدەنگی دراون

کابینەی نۆیەم چاکسازی لە تەواوی جومگەکانی حکوومەتدا دەکات



د. ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەر بڕیارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران بدرێت، بۆ کۆی دەنگی هەموو فراکسیۆنە بەشدارەکانی ناو حکوومەت دەدرێت. لە ماوەی 33کۆبوونەوەی ڕابردوو، 65بڕیار دراوە. هەموو بڕیارەکانیش بە کۆدەنگی بووە.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کوردستان24 گوتی: حکوومەت لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنی، چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکردوون وەک: بڕیاری سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا لەسەر پرسە هەڵواسراوەکان، پەسەندکردنی بەرنامەی کاری وەزارەتەکان، دامەزراندنی زیاد لە پێنج هەزار مامۆستای گرێبەست، دامەزراندنی هەزار و 300 یەکەمی سەر کۆلێژ و پەیمانگاکان و پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی.

لەبارەی دواین هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، د. ئامانج ڕەحیم ڕایگەیاند، گەشبینن بە گەیشتنە ڕێککەوتن و هەنگاوی زۆر باش نراون. دووپاتیشکردەوە، چەند پەیڕەوێک لە چوارچێوەی چاکسازیی دەردەکرێت ئەوانیش: دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی، ڕێکخستنەوەی پاسەوانان و چاکسازیی کردن لە خەرجییەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیکەری حکوومەت. دووپاتیشکردەوە، چاکسازیی تەنیا زیادکردنی داهات و ڕێکخستنەوەی مووچە نییە، بەڵکو کابینەی نۆ چاکسازیی لە تەواوی جومگەکانی حکوومەت دەکات.

کەسوکاری شەهیدان پشتگیری لە هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم دەکەن

یادگار مەحموود: وەک کەسوکاری شەهید پشتگیری لە یاسای چاکسازی دەکەین

بۆ شەهید: پێویستە دادگایەکی نیشتمانیمان بۆ سزادانی ئەو کەسانە هەبێت کە دژی کیانی کوردستانن



ساسان دەروێش -هەڵەبجە

هەندێ دەنگی لایەن و کەسانی نەشاز و نەیاری کورد لە ناوخۆ بە ئەجێندای دەرەکی لە پیلانگێڕیدان بۆ دژایەتیکردنی کیانی هەرێمی کوردستان، ناوبەناو لە میدیاکانەوە لێدوانی سەیر و سەمەرە دەچڕن و بڵاو دەکەنەوە و بە خەیاڵی خۆیان نیشتمانێک بەخوێن سووركراو بە بڕوای شەهیدان هەڵچنراییت لە خەبات و تێکۆشان و پارێزگاریکردنی بەردەوامی پێشمەرگە و گیانفیدای بۆی گەیشتووەتە تڕۆپکی ئازادی بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری مەحاڵە بتوانن سوود لە قەیرانی پەتای کۆرۆنا و نەناردنی بودجە لەلایەن بەغدا و هێرشکردنە سەر سنووورەکانی هەرێم و گیرفانی خاڵی خەڵک وەربگرن.



یادگار مەحموود



سۆزان محەمەد کەریم سۆفی

بەشەونخووني و ماندووبوونەبوونی ڕێزدار مەسرور بارزانی و هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و چەسپاندنی پرۆژە یاسای چاکسازی و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا، هەنگاوەکانی دەبڕێت و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و خواستی خەڵکیش خەونی نەزۆکی نەیاران پووچەل دەکەنەوە، بۆ پشتگیری لە هەنگاوەکانی حکوومەت و پارێزگاری لە نیشتمان، کەسوکاری شەهیدان بەمشێوەیە بۆ خەبات دەدوێن.

بەخوێن و ماڵوێرانی ئێمە ئەم قەوارەیە دروستبووە

یادگار مەحموود بەرپرسی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان گوتی: ئێمە خێزانێک بووین، دوو برا و من، باوکم هەر زوو شەهید کرا و هەرگیز نەمبینی، هەموو تەمەنی ژیانمان کۆ بکەیتەوە، من و دوو براکەم و دایکم هەمووی دوو ساڵ پێکەوە نەژیاوین، زۆر کەمن یادگاری ئەو ڕۆژانەی لەسەر خوانێک پێکەوە ژەمێکمان خواردبێت، هەر زۆر بە گەنجی براکانم بوون بە پێشمەرگە و دەرئەنجام تەرمی براکانمان بۆ هاتەوە، دایکیشم سەرەڕای ئەوەی هاوسەر و دوو کوڕی دەنێژێت، هەر ڕۆژەی لە دێیەک و لە کۆڵانێکی شاری سلێمانیدا دەگەڕا و دەبینرا بۆ ئیشی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار، خۆفرۆشەکان زانیاری لەسەر دەدەن و دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەنفال، بەڵام شکور بۆ خوا لەگەڵ دایەکی تردا ڕزگاریان دەبێت، ئەمە بەسەرهات و ژیانی چەندین خێزانی کورد لە پێناو ئازادی و کەرامەتی میللەتێک، کەچی ئەمڕۆ ناکەس بەچەی واپەیدابووە کە کەس نازانێت ئەوانە کێن و چی بوون؟ زۆر لە سنووری خۆیان لایانداوە و بێڕێزی بەو میژووەمان و بە ماڵوێرانی و پەرتەوازەیی و خوێنی باوک و برا و ماندووبوونی دایکانمان و جگەرسوتاوییانەوە دەکەن، ئەوە میژووی ئێمەیە، بەخوێن و ماڵوێرانی ئێمە ئەم قەوارەیە دروستبووە ، ئەوەی بێڕێزی بەو میژووەوە بکات لە ئێمە نییە و سەریان دای لەبەرد، فەرمانبەر مووچەی دوادەکەوێت بەهۆی قەیرانەکان دروشمی عێراقیم بۆ بەرز دەکاتەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکەمان دەکات، بەچکە بەعسیش هەیە دڵی تەنگ دەبێت باسی خوێنی باوک و برامان بکەین و دەڵێن کوردایەتی و خەباتی شاخمان پێ مەفرۆشنەوە، ئەوە ئێمەین بەرگریکارین لە خاک و میللەتی خۆمان و قوربانیمان پێداوە و پارێزگاری لێ دەکەین و پشتگیری لە یاسای چاکسازی دەکەین بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری کە لە دروشمی کارنامەی کابینەی نۆدا هاتووە و ڕێزدار مەسرور بارزانی کاری لەسەر دەکات و هەنگاوەکانی دەبڕێت.

داوا دەکەین کە دادگایەکی نیشتمانی هەبێت

هەروەها سۆزان محەمەد کەریم سۆفی ناسراو بە عەریف کەریم کادیری لیژنەی ناوچە و ئەندامی بەشی شەهیدان گوتی: دەردە دڵی من نموونەی ناخی هەموو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانە دژ بە هەموو ئەو دەنگە نەشاز و نامۆیانە بەکوردبوون، لە هەوڵی تێکدانی حکوومەتدان و پیلانگێڕی دەدەن بۆ ئەوەی ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە لە گۆڕ بندرێت، کە لەکاتێکدا ئەم حکوومەتە بەدەنگ و خوێن و قوربانی خەڵکی کوردستان هاتووەتەدی، من بۆ خۆم لە نێو خیزانەکەمدا سێ برام لەپێناوی ڕێبازی پێڕۆژی بارزانی و خزمەتکردنمان بە کوردایەتی لە سەردەمی بەعس شەهیدکران و لەسەردەمی ئازدیش باوکم کە زۆر پێربوو بەردەوام لە خزمەتکردندابوو بۆ ئەم ئازادییە لە کارەساتی 13ی حوزەیرانی شاری سلێمانی شەهیدکرا و لە خزمەتکردن دانەبڕاوین و ڕێچکەی ئەوانمان گرتۆتەبەر، هەر یەک لە براکانم لە نێو حزب و حکوومەت کار دەکەن بۆ ئەم نیشتمانە و بەهی خۆمانی دەزانین کە پارێزگاری لێ بکەین و پشتگیری لە هەنگاوەکانی یاسای چاکسازی بکەین و خەونی نەیاران بتۆرێنین، ئێمەی کەسوکاری شەهیدان داوا دەکەین کە دادگایەکی نیشتیمانی هەبێت بۆ ئەم کەسانە، ئەمەش بە بڕیاری یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری کۆدەنگی لەسەر بدرێت لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەبووە هەر کەسێک خۆی بە هاوواڵاتی خاکێک بزانێت و یاخود پلە و پۆستی هەبێت دژی بەرژەوەندییەکانی خاک و گەلی خۆی ڕەفتار بکات و خۆی تووشی لێپێچینەوە بکات، بەڕاستی لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەم دەنگانە بەدەستی دەرکی و ئەجێندای خەڵکانی تر سووکایەتیان کردووە بە پێشمەرگە و شەهید و قەوارەی سیاسیی هەرێم و لەکەداڕکردنی کەسایەتییەکانی نیشتمان و گواستنەوەی کێشەکانی ناوخۆمان بۆ ناو میدیاکانی بێگانە و هۆڵەکانی پەرلەمانی عێراق، هەموومان پشتگیری لە هەنگاوەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی دەکەین بۆ کارنامەکەی کە پڕە لەخۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان لە بەهێزکردنی کوردستان ئەمەش بەهاوکاری هەموولایەکمان دەبێت و زاڵ دەبین بەسەر ئەم قەیرانانەشدا و تەنها ڕووڕەشی بۆ ئەوکەسانە دەمێنێتەوە کە دژ بەخاک و نیشتمانی خۆیان بوون.

زیاتر لە 12ملیۆن کەس لە جیهان تووشی کۆرۆنا بوون

بەهۆی کۆرۆناوە زیاتر لە 562 هەزار کەس گیانیانلەدەستداوە

ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان لە ویلایەتی هوبەی چینەوە سەریهەڵدا و دواتر هەموو جیهانی تەنیوە، گەیشتووەتە 12ملیۆن و 631هەزار و 67 کەس. مالپەڕی Worldometerکە ڕۆژانە لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان زانیارییەکانی نوێ دەکاتەوە، دوێنێ شەمە ڕایگەیاند: تاکوو ئێستا 562هەزار و 889تووشبوو گیانیانلەدەستداوە و ژمارەی تووشبوانیش بۆ 12ملیۆن و 631هەزار و 67کەس بەرز بووەتەوە. تاکو ئێستا حەوت ملیۆن و 366هەزار و 491 تووشبوو چاک بوونەتەوە و چوار ملیۆن و 701هەزار و 687تووشبووش چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. کۆرۆنا بە توندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ئەمەریکا. تاکو ئێستا لەوێ سێ ملیۆن و ۲۹۱ هەزار و 786حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە تۆمار کراوە و 136هەزار و 671تووشبووش گیانیانلەدەستداوە.

تەقینەوەیەک لە دیالە کاروانێکی چەکدارانی حەشدی شەعبی دەکاتە ئامانج



لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە سنووری باکووری پارێزگای دیالە ڕۆژهەڵاتی عێراق، چوار چەکداری حەشدی شەعبی بریندارببوون.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە عێراق بە میدیاکانی خۆجێیی ڕاگەیاندووە کە لە میانی ئۆپەراسیۆنی قۆناغی چوارەمی عێراقدا، بۆمبێکی چێنراو لە دەوروبەری قەزای خانەقین باکووری پارێزگای دیالە تەقیوەتەوە کە کاروانێکی حەشدی شەعبی کردووەتە ئامانج. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیشدا کە لە ئاکامی تەقینەوەکەدا، چوار چەکداری حەشدی شەعبی بریندارببوون. بەیانی ئەمڕۆ شەمە، قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراق بە ئامانجی ڕیشەکێشکردن و ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە چوار میحوەری سنووری پارێزگای دیالە دەستیپێکرا کە هێزەکانی فەوجی دژەتیرۆر تیایدا بەشداری دەکەن.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە، پشکنین و پاکسازکردنی ڕووبەری 17هەزار و 685کیلۆمەتر چوار گۆشەیە لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای دیالە و هەورەها ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری لەو ناوچانە پتەوتر بێت.

دەزگەهێ خێرخازێ بارزانی 210 تەنێن باجان سورکا دێ ژجوتیارا کریت



رۆژا 8/7/2020 ل ریڤەبەریا گشتی یا چاندنێ ماجد سەید سالح جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت ب ئامادەبونا ئیسماعیل محەمەد هاریکاریێ پارێزگەری بۆ کاروبارێن ئاوارە وپەنابەران کۆمبوونەك ل گەل ریڤەبەرێ گشتی یێ چاندنێ و بەرپرسێ دەزگایێ خێرخازێ بارزانی و بەرپرسێن کەرتێ چاندنێ وفەرمانگەها JCC یا بەرهنگاربۆنا قەیرانا ل دهۆکێ ئەنجامدا.

دکۆمبونێدا بەحسێ دەست پێشخەریا دەزگەهێ خێرخازێ بارزانی بو وەرگرتنا بەرهەمێ باجان سورکا ژ جوتیارا وبەلاڤکرنا وان بێبەرامبەر ل سەر ئاوارە وپەنابەران هاتە کرن.

د کۆنگرەکێ رۆژنامەڤانیدا جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت بناڤێ پارێزگەرێ دهۆکێ سوپاسیا دەزگەهێ خێرخازێ بارزانی کر و دەستپێشخەریا وان وخواست کو دەولەمەندێن دەڤەرێ چاڤ ل دەزگەهێ ناڤبری بکەن وگوت: ئەڤ کارە دێ بیتە پالپشتیەك بو جوتیارێن کێم دەرامەت و ئاوارە وپەنابەر ژی دێ مفای ژێ وەرگرن .هەروەسا گوت: لیژنە هاتینە پێك وئالیەتەکا رێك وپێك هاتیە دانان بو وەرگرتنا بەرهەمێ جوتیارا و ئەڤ کارە ب هەماهەنگی دگەل ریڤەبەریێن کەمپا دێ هێتە ئەنجامدان.

دێهێتە زانین کۆ ل رۆژا 7-2020-11ئەڤ پروسە هاتە ئەنجامدان و روژانە 30 تەنێن باجانا دێ ژجوتیارێن کێم دەرامەت هێنە کرین و هەر سندوقەکا 10کغ ب 3,000 سێ هزار دینارا دێ هێتە کرین وەدەڤەر ل سەر سێ کەرتا هاتیە دابەشکرن ل قەزازاخو روژانە 7تەن ونیڤ ول دهۆك وسێمێل روژانە 7تەن ونیڤ ول شێخان وبەردەرەش وئاکرێوژانە 15تەن دێ هێنە وەرگرتن ولسەر کەمپێن وان دەڤەرا هێنە بەلاڤکرن وبریار ئەوە دماوێ حەفتییەکێ دا 210 تەن بهێنە وەرگرتن.

ژلایێ خۆڤە سەروکێ دەزگەهێ خێرخازی یێ بارزانی ل دهۆکێ گوت: دەستپێشخەریا مە پرۆژەکێ گرنگە و هاریکاریەکا باشە بو جوتیارا وهیڤیدارین جوتیارێن دەڤەرێ مفای ژێ وەرگرن.

وەزیری شارەوانی: رۆژانە حکومەتی هەرێم 840 ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی ئاو خەرج دەکات



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوازر ئاشکرای دەکات، رۆژانە حکومەتی هەرێم 840 ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی ئاو خەرج دەکات و 2.1 ملیۆن سێجا ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ هاوولاتیان بەرهەم دەهێنێت.

ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوازری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کوردستان24ی راگەیاند: لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەولەویەتی وەزارەتی شارەوانی پڕۆژە خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان بوو، بۆ خزمەتی زیاتری هاوولاتیان.

گوتیشی: لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم گرنگی زۆری بە دابینکردنی ئاو داوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە 2.1 ملیۆن سێجا ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ هاوولاتیان بەرهەم دەهێنێت، لە رێگەی 69 پڕۆژەی جۆراوجۆر، کە 19 پڕۆژە لە هەولێر و 28 پڕۆژە لە سلێمانی و 9 پڕۆژە لە دهۆك و یەك لە هەڵەبجە، 7 پڕۆژە لە ئیدارەی گەمیان و 6 پڕۆژەش لە ئیدارەی راپەڕین. گوتیشی: رۆژانە حکومەتی هەرێم 840 ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی ئاو خەرج دەکات، هەر هاوولاتییەك 365 لیتر ئاوی بەردەکەوێت، لەکاتێکدا بەپێی ستانداردی جیهانی هەر کەسێك پێویستی بە 200 تا 220 لیتر ئاو هەیە، واتا هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان ئاو زیاد لە پێویست بەکاردەهێنن.



بەرپرسێ لقا ئێک پشتەڤانیا خوە بۆ پارێزگاریێ دهۆکێ دکەت

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێك ب یاوەریا کارگێرێن لقێ سەرا ئاڤاهیێ پارێزگەها دهۆکێ دا و ژلایێ پارێزگاریێ پارێزگەها دهۆکێ بگەرمی هاتنە پێشوازی کرن. دڤێ سەرەدانێ دا بەرپرسێ لقێ بناڤێ خوە و کارگێر و ئەندام و ڕێکخستیێن سەر ب لقا ئێك ڤە پیروزباهیێن خوە ئاراستەی دکتور عەلی تەتەر کرن بهەلکەفتا دەست بکاربوونا وی وەکو پارێزگاریێ پارێزگەها دهۆکێ و هیڤیا سەرکەفتنێ بۆ خواست و دیسان پالپشتی و پشتەڤانیا خوە ژی بۆ چارەسەرکرنا گرفتان و خوەشکرنا ژیانا خوەجهێن پارێزگەها دهۆکێ بۆ دا دیار کرن، ئەڤەو ژلایێ خوەڤە پارێزگاریێ دهۆکێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ و کارگێران کرن ژ بۆ ڤێ سەردانێ و گوت: ئەم دێ پێکڤە کار و خزمەتێن باش کەین.

دهۆك... شەش هەزار خانووی زێدەڕۆ تاپۆ دەکرێن

بەپێی بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان شەش‌هەزار خانووی زێدەڕۆ لە سەنتەری شاری دهۆك تاپۆ دەکرێن و بەرپرسێکی سەرۆکایەتیی شارەوانیی دهۆکیش دەڵێ، ڕێکاری تاپۆکردنیان تەواو بووە و چاوەڕێی ڕێنماییی حکوومەتین بۆ دەستپێکردنی پڕۆسەی تاپۆ.

ئیسماعیل مستەفا، بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانیی دهۆك، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئیدارەی پارێزگای دهۆك بڕیاری داوە کێشەی خانووە زێدەڕۆکان چارەسەر بکات و لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێن، چونکە هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لە دهۆکیش خانووی زێدەڕۆ هەن و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، بەتایبەتی شەش‌هەزار خانوو لە دوای ڕاپەڕین دروست کراون، خەریکە دەگەینە قۆناغی کۆتایی بۆ تاپۆکردن.

بەرپرسەکەی شارەوانیی دهۆك گوتی: ئەو خانوانە هەموو ڕێکارێکیان تەواو بووە و خراونەتە نێو ماستەرپلان و ئەگەر خانوویەك لەسەر زەویی خزمەتگوزاری دروست نەکرابێت بەپێی ڕێنمایی و بڕیاری حکوومەت لەسەر خاوەنەکەی تاپۆ دەکرێت.

لەبارەی زەویی زێدەڕۆوە ئیسماعیل مستەفا گوتی: لە دهۆك کەمتر کێشەی زەویی زێدەڕۆ هەیە ئەوەی هەیە خانووە زیاتر، ئێمە زەویی زێدەڕۆ بە ملکی حکوومەت دەزانین و هیچ بڕیارێك نایانگرێتەوە بۆ ئەوەی بەناوی ئەوکەسانەوە بکرێت کە دەستیان بەسەردا گرتوە، بەڵکو زەوی ملکی حکوومەتە و هەرکاتێك زێدەڕۆیی بکرێتە سەر، بەپێی یاسا سەرپێچیکاران سزا دەدرێن.

مەرج و ڕێنوێنی بۆ کڕینەوەی گەنمی زیادەی جوتیاران دەردەکرێ



بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکووومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری نوێ لەبارەی کڕینەوەی گەنمی زیادەی جوتیارانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات و ڕایگەیاند دوای پەسندکردنی داواکارییەکە، مەرج و ڕێنوێنی بۆ ئەو بابەتە دەردەکرێت.

سەردار قوربانی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە (باسنیوز) ی ڕاگەیاند سااڵنە لە هەرێمی کوردستان دوو هێندەی پێداویستییەکانی ناوخۆ، گەنم بەرهەم دەهێندرێت و حکوومەتی بەغدا ڕێژەیەکی کەم دەکڕێتەوە، بۆیە ئەمساڵ داواکاری کڕینەوەی ڕێژە زیادەکە دراوەتە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئێستا چاوەڕێی پەسندکردن و کەوتنەبواری جێبەجێکردنی بڕیارەکەین. گوتیشی دوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنی بڕیارەکەوە، ڕێنوێنی بۆ کڕینەوەی گەنمەکە دەردەکەین کە چۆن بکرێدرێتەوە، هەر جووتیارێك چەندی لێ وەربگیردرێت و بەچ نرخێك لێی بکرێدرێتەوە. سەردار قوربانی باسی ئەوەشی کرد هاوکات چەند کۆمپانیایەك ڕادەسپێردرێ بۆ ئەوەی ئاشی پێشکەوتووی دروستکردنی ئاردی سفر و ساوەر و بەروبوومەکانی دیکەی گەنم دابمەزرێنن. بە گوتەی سەردار قوربانی، بەگرتنە بەری ئەو هەنگاوانە بەوەش وێڕای ئەوەی پێویستمان بە هاوردەکردنی ئەو بەرهەم و دروستکراوەکانی گەنم نامێنێت، هاوکات دەرفەتێکی باشی کارکردنیش بۆ هاوولاتیان دەڕەخسێت.

چەند پرسنامەیەك لە بارەگای بارزانییەوە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، لە خانەوادەی کۆچکردوو کۆیخا حوسێن سەرتەپکانی،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی کۆماری مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری دەڤەری پشدەر(کۆیخا حوسێن سەرتەپکانی)مان بیست.
کۆیخا حوسێن سەرتەپکانی کەسایەتیەکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزی میللەتەکەی بوو، بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو کۆیخا حوسێن بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامش بەئێوە و خزمان ببەخشێت.
***

بەڕێزان، خانەوادەی کۆچکردوو محەمەد مەحمود سوار،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(محەمەد مەحمود سوار)مان پێگەیشت.
هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان ڕادەگەیەنین، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی کۆچکردوو محەمەد مەحمود سوار بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموان ببەخشێت.
***

بەڕێزان، کاکە سور،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(نەعیمە فەرەج جاف)ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین دایکی کۆچکردووتان بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەك ببەخشێت.
***

بەڕێزان، لە خانەوادەی کۆچکردوو مەلیحە حاجی حەمەلاو،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(مەلیحە حاجی حەمەلاو) هاوژینی شەهید(سااڵح) ناسراو بە(سااڵحە سور)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، هاوخەمیان بۆ ئێوە و خزم و ئاشنایانتان ڕادەگەیەنین.
لە خودای گەورە داواکارین کۆچکردوو خاتوو(مەلیحە حاجی حەمەلاو) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەك ببەخشێت.
***

بەڕێزان، لە خانەوادەی کۆچکردوو نەجم جاف،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول(محەمەد نەجیب سلێمان)ناسراو بە(نەجم جاف)مان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
***

بەڕێزان، لە خانەوادەی کۆچکردوو ڕەشید میتۆ،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(ڕەشید میتۆ)مان پێگەیشت.
خۆمان بە هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەزانین، سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو ڕەشید میتۆ بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.
***

بەڕێزان، لە خانەوادەی مورات بارانی نادر چێی دۆسکی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول(مورات بارانی نادر چێی دۆسکی)مان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
***

بەڕێز، مامۆستا کەریم قادر
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(ئەستیلە عەدۆ ڕەسوڵ بندیان) دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و دۆست و خزمانی بندیان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین دایکی کۆچکردووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو فاروق حەسەن نانەکەلی
بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی حاجیە زولێخا عەبدوللەجید زێدبەگی، ئافرەتی تێکۆشەر و دایکی شەهید سەرهەنگ و هاوسەری خوالێخۆشبوو فاروق حەسەن نانەکەلیمان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزمان و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین.
لە خودای گەورە داواکارین گیانی کۆچکردوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

پرسنامە

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان
هەڤاڵی بەڕێز ئاری فاروق نانەکەلی
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو زولەیخا عەبدولەجید فەقێ عەبدوڵڵا زێدبەگی.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

www.xebat.net
یەکشەممە 2020/7/12 ژمارە(5971)
خەبات

پوختەی چالاکییەکانی ساڵی یەکەمی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



ئامادەکردنی: شکار عەفان نەقشبەندی _ ئەردەڵان سلێمان ئاژگەیی


ساڵێک بەسەر دەسبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت. لەم ساڵەدا، وێڕای پەتای کورونا کە، بەرۆکی جیهانی گرتووە، بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، کێشەیەکی گەورەیە، کە بەهۆیەوە رێگەی لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەکەدا گرت، بەردەوامیی حکوومەتی عێراق لەسەر سیاسەتی بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران، لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان شانی داوەتە بەر جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەی نۆیەم.

لەم ساڵەدا ئاماژەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەی کار بەرچاون، وەک زیادکردنی داهاتی ناوخۆ پێش کورونا، جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، چالاکیی دیپلۆماسی و تۆکمەکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان، هەروەها ڕەخساندنی زەمینە بۆ وەبەرهێنان. بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کابینەی نۆیەم، پوختەیەکی چالاکییەکانی حکوومەت. لەم ماوەیەدا دەخەینەڕوو:


تەممووزی 2019



10/7/2019 . هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق - پەرلەمانی کوردستان، لە گەڵ متمانەدان بە مەسرور بارزانی وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، متمانەی بە وە زیرەکانی کابینەی نۆیەمیشدا.



10/7/2019 سەرۆک وەزیرانی نوێی هەرێمی کوردستان، بەڵێن دەدات لە دوای سوێندخواردنەکەی، هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات و چاکسازیی لە هەموو سێکتەرەکان ئەنجام بدات



13/7/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە فاتیح یڵدز باڵیۆزی تورکیا لە عێراق.



16 ی 7ی 2019 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد.

22 ی 7ی 2019 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دووەمین کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد.



16/7/2019 شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەردانی بەغدای کرد و لە گەڵ هەر یەک لە سەرۆک کۆماری عێراق بەرهەم ساڵح ، سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران محەمەد حەلبوسی کۆبوونەوە.





17/7/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە ماتیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق.





17/7/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق.



23/7/2019 مایک پۆمپێیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە کرد. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە سەرەتادا دووبارە پیرۆزبایی لە سەرۆک وەزیران کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خواست.


30 ی تەموزی 2019 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد.


31/7/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە ماسیج لانگ جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا.



5/8/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە نەسرۆڵا رەشنوودی کۆنسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامی ئیران.


31/7/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندێکی سەربازی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ گریگۆری کرودەر کرد.


5/8/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە چاندنی نەمامێك بەشداری لە هەڵمەتی (داریك بچینە و شارێك سەوز بکە) کرد، لە وەڵامی چالێنجی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی.


31/7/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی ئەنفالکراوان دانا.


5/8/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە سەرۆکایەتی یاسین یاسری وەزیری ناوخۆ.



5/8/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە سارووج کۆمار جاهە بەڕێوەبەری هەرێمی بانکی نێودەوڵەتی.

ئەیللولی 2019


1/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە جۆن ویلیکس بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق.


2/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە ئۆلیڤییە دیکۆتینی کۆنسوڵی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان.


3/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندێکی باڵای سەربازی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ لاکامرا فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا.


3/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حیزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان.


4 ی ئەیللول 2019 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد.


3/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندیکی پارتی گەلان (HDP) بە سەرۆکایەتی سزایی تەمەللی هاوسەرۆکی (HDP).


3/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە جینین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق.


ئابی 2019


4/8/2019 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی یادی پێنج ساڵەی جینۆسایدکردنی کوردانی ئیزدی بە دەستی تیرۆریستانی داعش.


www.xebat.net
یەکشەممە 2020/7/12 ژمارە(5971)
خەبات




8/9/2019 کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و ئەندامانی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامدرا.



10/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە سەباح ئەلدلێمی وەزیری پلاندانانی عێراق.



16/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی کۆکردنەوەی داهاتەکانی کرد.




16/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندێکی لوبنانی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانتار تەیمور جونبلّات سەرۆکی فراکسیۆنی دیداری دیموکراتی لە پەرلەمانی لوبنان و سەرکردە لە پارتی سوسیالستی پێشکەوتووخوازی لوبنانی.



21/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا.




19 ی ئەیللول 2019 لە پەراوێزی ئاهەنگی یەکەم خولی قوتابیانی زانکۆی ئەمەریکی کوردستان لە دهۆك، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.



23/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندێکی سەربازی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ گریگۆری کروەدر.




25/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە مێجەر جەنەڕاڵ جیرالد ستریکلاند فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا.




25/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە مارشاڵ بیلینگسلی یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا تایبەت بە رووبەڕووبونەوەی پارەدارکردنی تیرۆر.




19 ی ئەیللول 2019 ڕێوەڕەسمی دەرچوونی یەکەم خولی قوتابیانی زانکۆی ئەمەریکی کوردستان لە دهۆك.



29/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە نێ روچی کونسولی چینی میللی لە هەرێمی کوردستان.



29/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە خالید حەمەد ئەلسولەیتی باڵیۆزی قەتەر لە عێراق.



29/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە لیۆنیدا کۆنتۆڤۆنیسۆس باڵیۆزی یۆنان لە عێراق.



30/9/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سێزدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی گشتی لە هەولێر کردەوە.

تشرینی یەکەمی 2019



1/10/2019 لە شاری هەولێر، بە بەشداری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین بەرپرسی حکومی و باڵیۆزی کۆریای باشوور لە عێراق، رۆژی نیشتمانی کۆریای باشوور بەڕیوەچوو.



2019/10/2 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتاریکی بە زمانی ئینگلیزی لە کۆنفرانسیکی زانکۆی کوردستان لە هەولێر پیشکەش کرد کە تایبەت بوو بە روانگە و ستراتیجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی لە عێراق و ناوچەکەدا.



17/10/2019بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت، بەردی بناغەی پرۆژەی ئەندەرپاسەکانی شەقامی بارزان لە شاری دهۆك دانرا.



2019/10/7 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای رووسی بە سەرۆکایەتی سیرجی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا کرد.



7/10/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە برونۆ تۆبیر باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد.


تشرینی دووەمی 2019



9/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کەمپی پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستانی لە بەردەپەش کرد.



3/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی کرد.



11/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەریمی کوردستان پیشوازی لە شاندیکی باڵای پارتی سۆسیالیستی کوردستان- باکوور بە سەرۆکایەتی مەسعود تەك سەرۆکی پارتەکە کرد.



4/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەنجومەنی بازرگانی عێراقی - بەریتانی کرد بە سەرۆکایەتی بارۆنس ئیما نیکلسن نوێنەری سەرۆك وەزیرانی بە ریتانیا بۆ کاروباری بازرگانی لەگەڵ عێراق.



12/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای پارتی دۆزی ئازاد ناسراو بە هوداپار کرد بە سەرۆکایەتی ئیسحاق ساغلام سەرۆکی گشتیی پارتەکە.



4/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندیکی باڵای کۆنگریسی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی کۆنگریسمان ئادەم سمیس.



15/10/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە دەیڤد شنکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك کرد.



2019/10/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی بزنسی ئەمەریکا/ کوردستان کرد کە لە نوێنەری ژمارەیەك کۆمپانیای ئەمەریکی پیکهاتبوون.

15/10/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای سەربازی بەریتانی کرد بە سەرۆکایەتی سیر جۆن لۆریمەر ڕاوێژکاری باڵای سەربازی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

15/10/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە دەیڤد شنکەر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك کرد.



26/10/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە رۆبیرت وایت فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا کرد.



2019/10/28 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئۆلە دیل باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق کرد.



2019/11/6 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لە دیبەیتیکی تایبەتی دیداری میری: پیشتریش هەوڵدراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئیمە وردتر و زیاتر کاری لەسەر دەکەین




16/11/2019 لە رۆژی جیهانی لیبوورەییدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان کرد.



24/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا تایبەت بە پرسی نەوت و بودجەی2020 کۆبوونەوە.




2019/11/25 لە رۆژی جیهانیی بنبڕکردنی تووندوتیژی دژ ئافرەتان، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی یەکێك لە سەنتەرەکانی دااڵدەدانی ئافرەتانی لە شاری هەولێر کرد.



26/11/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیفانی ئەلقاق بەرپرسی بەشی رۆژهەاڵتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کرد.



2019/11/28 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك کۆماری تورکیا لەکۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە پێشوازی لە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.



28/11/2019، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەریمی کوردستان و مەوڵوود چاوش ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە .


کانوونی یەکەمی 2019



1/12/2019 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای فەرمیی بەڕێز شێخ محەمەد بن زاید ئال نهەیان جێنشینی ئەبوزەبی جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبوزەبی، بۆ بەشداریکردن لە ریوڕەسمی پێشبڕکیی خەڵاتی ئیمارات بۆ فرۆکەوانی گەورەی فۆمۆڵا یەك، بە سەردانیکی یەك ڕۆژە گەیشتنە ئەبوزەبی.



11/12/2019 سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی ، لە گەڵ کونسوڵ و نیردەو نوێنەر و دیپلوماتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.



16/12/2019 مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیشوازی لە ئۆلریك شانۆن باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق کرد.




2019/12/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیشوازی لە لۆرینزۆ گویرینی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا و شاندیکی هاوڕیی کرد.



2/12/2019 شێخ محەمەد بن راشد جێگری سەرۆکی ئیمارات و فەرمانڕەوای دوبەی، پێشوازی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.



2019/12/4 سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، پێشوازی لە ماتیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق کرد.



2019/12/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەشداری لە ریوڕەسمی کردنەوەی قۆناخی کۆتایی شەقامی120 کرد .



2019/12/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران بەئامادەبوونی کەسوکاری ژمارەیەك شەهید بەشداری لە ریورەسمی بەرز ڕاگرتنی ئااڵی کوردستاندا کرد. ئااڵکەش لەلایەن کوڕ و کچی شەهید هوجام سورچی بەرزکرایەوە.

کانوونی دووەمی 2020



2020/1/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مایك پەمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا.




2020/1/8 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.



11/1/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندیکی باڵای حکوومەتی فیدراڵی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی کرد.



13/1/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جنین هینیس پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (NU)لە عێراق کرد.



2020/1/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئال سانی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەرکرد.



2020/1/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە فیلیپ ئەکرمان بەرپرسی بەشی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و شاندێکی یاوەری کرد.




26/1/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چاکسازییەکانی وەزارەتی پیشەمەرگەی کرد.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی لە چاوپێکەوتنیکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی فرانس24 کە بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و عەرەبی بڵاوکرایەوە و لە لایەن راگەیاندنکاری ناسراو مارك پەرەلمان ئەنجامدرا.



2020/2/6 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە برۆنۆ ئوبیرت باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد.



2020/2/6 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی حکوومەتی نەرویجی بە سەرۆکایەتی نوت لەین نیردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج بۆ کاروباری عێراق و سوریا کرد.



27/1/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستانی کرد.



28/1/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەك لە وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.




2020/1/29 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پێشوازی لە میخائیل بۆگدانۆف جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنەری سەرۆکی رووسیا بۆ کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا کرد.

شوباتی 2020



1 ی شوباتی2020 لە شاری هەولێر بە بەشداری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان، ریوڕەسمی16 ـەمین ساڵیادی شەهیدانی یەکی شوبات لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان بەڕێوەچوو.



2/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە لارس ڕۆناس باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق کرد.



11/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەد عەلی ئەلحەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق کرد.



3/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندیکی باڵای بەلجیکا کرد بە سەرۆکایەتی فیلیپ گۆفین وەزیری دەرەوە و بەرگریی بەلجیکا کرد.



12/2/2020 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

مەسرور بارزانی: داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم دوور لە موزایەدە و بەکردەوە پشتگیریی لە جیبەجیکردنی یاسای چاکسازی بکەن

www.xebat.net
یەکشەممە 2020/7/12 ژمارە(5971)
خەبات



14/2/2020 لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە.



2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندیکی پەرلەمانی ئەڵمانیا کرد کە پیکهاتبوون لە پەرلەمانتاران نیل شمید و کارستن شنایدەرو فیختز فەیگنترۆی لە پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا.



2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن پێشوازی لە ئەحمەد ئەبولغەیت ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی کرد.



14/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراویزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، لە گەڵ بۆیکۆ بۆریسۆڤ سەرۆك وەزیرانی بولگاریا کۆبوونەوە.



2020/2/15 مەسرور بازرانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن لەگەڵ سیرجی لافرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا کۆبوونەوە.



18/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاردینال پیترۆ پارۆلین سەرۆك وەزیرانی ڤاتیکان کۆبوونەوە.



14/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشنی ئەڵمانیا لەگەڵ دان برولییت وەزیری وزەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە.



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەریمی کوردستان، 19 ی شوباتی 2020 لە رۆما لەگەڵ لویجی دی مایۆ، وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا کۆبوونەوە.



18/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆما لەگەڵ جوزیپپی کۆنتی سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا کۆبوونەوە.



14/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەنیگریت کرامپ کارنباور لە پەراویزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن کۆبوونەوە.



15/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراویزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی کوەیت شیخ سەباح حەمەد ئەلسەباح کۆبوونەوە.



14/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری میونشن پێشوازی لە نەجاح شەمەری وەزیری بەرگریی عێراق کرد.



2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری میونشن لەگەڵ شاندیکی گەورەی کۆنگریسی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی سیناتۆر لیندسی گراهام کۆبوونەوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان 19 ی شوباتی 2020 لە رۆما لەگەڵ لۆرینزۆ گویرینی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبوونەوە و تاوتویی چەندین پرسی هاوبەشیان کرد.



24/2/2020 بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرکردەی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان، بە بەشداریی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی فیدراڵی عێراق، کۆبوونەوەیەك ئەنجام درا.



19/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڤاتیکان لەگەڵ پاپا فرەنسیس پاپای ڤاتیکان کۆبوونەوە.

تەممووزی 2020



2020/6/10 مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی بالای وەزاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرد.




2020/6/15 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیفن هیکی باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.



2020/6/23 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەریمی کوردستان پیشوازی لە شاندیکی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی ئیرنست تایکرت بەرپرسی باڵای کاروباری بەرگریی ئەمەریکا لە عێراق.



2020/6/25 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جومعە عەننادسەعدون وەزیری بەرگریی عێراق کرد.




30-6-2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە لەگەڵ شاندی دانووستانکار لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی کۆبوونەوە.


حوزەیرانی 2020



2020/7/2 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەندازیار ئەرکان شەهاب ئەحمەد ئەلشەیبانی وەزیری گەیاندنی عێراقی و شاندێکی یاوەری کرد.



2020/7/7 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێنیین هیێنیس- پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد.



2020/7/8 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوە.



11/7/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی شەقامی 100 مەتری سلێمانی دانا.




24/2/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سیاسەتوانی کورد عوسمان بایدەمیر کرد.



2020/2/27 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی تایبەت بە ئامادەکارییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنای لە شاری هەولێر بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو.

ئاداری 2020

2020/3/1 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی حکومی و بەبانگهێشتێکی فەرمی، گەیشتە عەممانی پایتەختی ئوردن. هەر لەگەڵ گەیشتنی لە لایەن شا عەبدوڵڵای دووەم شای ئوردن لە کۆشکی بەسان پێشوازی لیکرا.



2020/3/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە پێکهاتبوو لە ئیداما دیانگ یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە جینۆسایدو کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان سەرۆکی تیمی نێودەوڵەتی بۆ لیکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش .

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن: شێرزاد عەبدولڕەحمان ڕۆڵی بەرچاوی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا هەبوو

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ماڵئاواییکردنی یەکجارەکیی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان- ی ڕاگەیاند و ئەمەش دەقی ڕاگەیانەکەیە:

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە نیوەڕۆی ئەمڕۆ، هەڤاڵ و هاوکاری دڵسۆزمان، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی گەلەکەمان شێرزاد عەبدولڕەحمان دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا، دوا ماڵئاوایی لێکردین.


خوالێخۆشبوو شێرزاد عەبدولڕەحمان کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و بەئەزموون بوو و، تەمەنێکی پڕ بەخششی لەبواری ڕۆژنامەگەریی و نووسیندا بەڕێکرد، هەروەها لە بواری هونەریشدا گۆرانیبێژێکی خاوەن دەنگ و ڕەنگی تایبەتی خۆی بوو

هەڤاڵی کۆچکردومان لە ساڵی1958لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایك بووە و، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی زانین تەواو کردووە، پاشان قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەی کۆماری تەواو دەکات و، سەرەتا لە ساڵی1970 پەیوەندی بە دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی لە بەغدا دەکات و چەند گۆرانیەك تۆمار دەکات، لە ساڵی1972لە ئاهەنگێکی هۆڵی گەل لە هەولێر یەکەم سرودی بۆ بارزانی نەمر دەچڕێ، دواتر لە بواری ڕۆژنامەگەری دا کاردەکات و وەك بچووکترین ڕۆژنامەنووس لەڕووی تەمەنەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری ڕەنگین کاردەکات و بەسەدان هەواڵ و ڕیپۆرتاژ بڵاودەکاتەوە.

خوالێخۆشبوو شێرزاد عەبدولڕەحمان لەدوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان بەهەمان شێوە ڕۆڵی باڵا و بەرچاوی هەبووە لە کاری ڕۆژنامەنووسی وچالاکییە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنوسیەکان و لە ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی پارتیمان کاردەکات لەوانە: بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات و گۆڤاری گوڵان دواجاریش بەڕێوەبەری نووسین بوو لە ڕۆژنامەی هەولێر. هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ)بووە.

خوالێخۆشبوو یەکێك بوو لەو ڕۆژنامەنووسە چالاك و خاوەن ئەزموونانەی خزمەتێکی زۆری ڕۆژنامەگەریی و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە، جێدەست و کارەکانی لە بواری ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دیارو بەرچاوە، بۆیە کۆچی دوایی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە، زیانێکی دیکەیە بۆ بواری ڕۆژنامەگەریی و ڕۆشنبیریی کوردیەان، هیواخوازین هاوخەمیی دۆست و دڵسۆزان و هۆگرانی بەرهەمەکانی ناوبراو ببێتە مایەی دڵنەوایی خانەوادە و هەموو لایەکیان و لە خەم و خەفەتتیان کەم بکاتەوە.

خوالێخۆشبوو شێرزاد عەبدولڕەحمان وێڕای هونەر و ڕۆژنامەنامەوانی نووسەرێکی خودان سەلیقە و بەتوانا و لێهاتووش بوو، خاوەنی24 کتێبە بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی لەبواری ڕۆژنامەگەریی و سیاسەت و یادەوەریی و مێژوویی و هونەریی.



لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەیی و کەس و کار و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو و سەرجەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسان دەکەین و شەریکی خەم و پەژارەیانین.

داواکارین لە خوای گەورە گیانی هەڤاڵی کۆچکردوومان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبوری و دڵنەواییش بە هەموولایەك ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
8-7-2020

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو شێرزاد عەبدولڕەحمان

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی دیاری شاری هەولێر و بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی هەولێر، شێرزاد عەبدولڕەحمان سان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی بەڕێزتان و خزمان و دۆست و ئاشنایانتان و تەواوی هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاك شێرزاد بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچیدوایی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس (شێرزاد عەبدولڕەحمان)م بیست.

بەم بۆنە خەمناکەوە هاوخەمی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان دەکەم، خوالێخۆشبوو ساڵانێکی زۆرە لەبواری ڕۆژنامەگەری و کاری هونەرییەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە و جێدەستی دیارە، لە یەزدانی مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامیش بە خانەوادە و هاوڕێیانی ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

***

بۆ هاوکارمان بەڕێز حەیدەر عەبدولڕەحمان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی دیاری هەولێر و کوردستان شێرزاد عەبدولڕەحمان- ی براتمان بیست. خوالێخۆشبێت لە هەردوو بواری هونەر و ڕۆژنامەنووسیدا کارەکتەرێکی دیار و چالاك بوو.

خوالێخۆشبێت شێرزاد عەبدولڕەحمان لە سەرەتای حەفتاکاندا بە هونەری گۆرانی دەرکەوت، دواتر بووە ڕۆژنامەنووسێکی بە سەلیقە و کارا، بە تایبەتی لە بواری ڕیپۆرتاژدا. خوالێخۆشبێت بە سکرتێری نووسین لە ڕۆژنامەکانی بڵاوکراوەی پارتی و گۆڤاری گوڵان کاری کردووە، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان بوو و تا ماڵئاواییکردنی یەکجارەکیشی لە ڕۆژنامەی هەولێر سکرتێری نووسین بوو. لە دەستدانی خوالێخۆشبێت شێرزاد عەبدولڕەحمان زیان بە بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردی کەوت.

بەو بۆنە خەمناکەوە بە ناوی سەرنووسەرو تەواوی ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خانەوادەکەتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین ئەو کۆستە دوا ناخۆشیی بنەماڵەکەتان بێت و خوالێخۆشبێتیش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

خەبات

***

بنەماڵەی بەڕێزی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان

هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان خەمباری کردین، شێرزاد عەبدولڕەحمان هونەرمەندێکی ڕەسەن و ڕۆژنامەنووسێکی چالاك و کارا بوو.

سەرەتا لەحەفتاکاندا وەك هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ دەرکەوت، دواتر وەك ڕۆژنامەنووسێك، کارا و پربەرهەم لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، کە خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەند و چەندین کتێبە لەم بوارەدا.

بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ەوە هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان دەکەین. گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم و ناخۆشی بێت.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:
چەند پڕۆژەیەکی گەورەی کاریگەر لەسەر هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنین

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە ماوەی ساڵێکی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا، کۆمەڵێك کاری باش کراوە و چەندین پلانی وەبەرهێنانیش ئامادە کراوە.

محەمەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: ئێمە وەك دەستەی وەبەرهێنان لە ماوەی ساڵێکی تەمەنی ئەم کابینەیەی حکوومەت، کۆمەڵێك کارمان ئەنجامداوە، نزیکەی 43 مۆڵەتی وەبەرهێنامان داوە کە زۆرتریان لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵە.

ڕوونیشی کردەوە کە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کاریگەری لەسەر کارەکانی ئەوان هەبووە و نەخشەی وەبەرهێنانیشێ هێشتا تەواو نەبووە، بەڵام ئێمە 219 پڕۆژەزەلی زۆرباشی وەبەرهێنانمان پەسەند کردووە، لە ماوەیەکی نزیکدا دەبنە پڕۆژە و نزیکەی هەشت ملیار دۆلار سەرمایەیانە و 43 پڕۆژەشمان مۆڵەت داوە لە ماوەی ئەم ساڵەدا، نزیکەی 905 ملیۆن دۆلار سەرمایەیان بووە، ئەمانە هەموو لەم ساڵە کراوە. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان باسی لەوە کرد کە ئەوان کۆمەڵێك ڕێوشوێنیان گرتووەتە بەر و پلانی وەبەرهێنانیان ئامادە کردووە، خەریکی نەخشەی وەبەرهێنانین و پڕۆژەیەکان بۆ یاسای وەبەرهێنانێ ئامادە کردووە کە جارێکیتر یاساکە هەموار بکرێتەوە و پڕۆژەیاسایەکیتری کانزاییەان ئامادە کردووە. ئەوشی ئاشکرا کرد کە ئەوان داواکاریی وەبەرهێنانیان لە ئەوروپاوە پێگەیشتووە و داوای پڕۆژەیان لە هەرێمی کوردستان کردووە، لە داهاتووشدا چەند پڕۆژەیەکی گەورە ڕادەگەنێنین کە کاریگەریی ئابووریی زۆرباشی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان.



هەر لە لێدوانەکەیدا، محەمەد شوکری گوتی: لە ماوەی ساڵێکدا کاری زۆرباش کراوە لە بواری وەبەرهێنان، ئەگەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و کێشەی هاتۆچۆ نەبوایە، دەمانتوانی هەزاران هەلی وەبەرهێنان بۆ خەڵکی ناوخۆ و بیانی بڕەخسێنین، ئێستاش لە قۆناغێکین خەریکی دوو زۆنی پیشەسازین، هەفتەی داهاتوو لە دهۆك بەردی بناغەی دادەنرێت.

تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە لەگەڵ وەزارەتەکان هەماهەنگییەکی زۆر باشیان هەیە و ئەم کارانەی کردوویانە، بە هاوکاریی وەزارەتەکان بووە.

حکومەتی هەرێم دەستی بە جێبەجێکردنی وەرگرتنەوەی مۆڵکەکانی کردووە

ڕێکخستنەوەی مۆڵکەکانی حکومەت و وەرگرتنەوەیان یەکێك لەو خاڵە گرنگانەیە کە کابینەی نۆیەم کاری لەسەر کردووە، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: حکومەت ڕژدە لەسەر وەرگرتنەوەی مۆڵکەکانی.

دارا ڕەشید، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، دەست بە جێبەجێ کردنی وەرگرتنەوەی مۆڵکەکان کراوە و لە نزیکترین کاتدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیار و ڕێکاری نوێ لەو بارەییەوە دەردەکات.

هاوکات نزار مەلا عەبدلغەفار، بڕیاردەری لیژنەی شارەوانی لە کراوە بە وەرگرتنەوەی ئەو مۆڵکانە و دەشڵێت: تەنها لەماوەی ڕابردوودا 50 هەزار زێدەڕۆیی لە قەزا و ناحییەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر لابراون.



پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی لە پەرلەمانیش یاسا بۆ پاراستی مۆڵکی گشتی دەرچووە، بەڵام وەك لیژنەکەیان چاودێرن لەسەر جێبەجێ کردنی کارنامەکەی حکومەت، دەست لەگەڵ ئەوەی کابینەی نۆیەم بەشی زۆری پلانەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەرخان کرد، بەڵام ئەمە نەبووە هۆکار کە پلانی کابینەکە بە تەواوی پشتگوێ بخرێت و لەگەڵ جێبەجێ کردنی پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پەتایە، کار لەسەر خاڵ بەخاڵی کارنامەی حکومەتیش کراوە و ئەنجومەنی وەزیران ڕێکار و ڕێنمایی و بڕیاری دەرکردووە بۆ جێ بەجێ کردنیان.

وەزارەتی تەندروستی:
دەست بە بەکارهێنانی دەرمانی دژە کۆرۆنا دەکرێت

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەرمانی دژە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیایەکی ناوخۆوە بەرهەم هێنداوە و بۆ هەموو عێراق دابین دەکرێت و دەست بە بەکارهێنانی دەکرێت.

دکتور محەمەد قادر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، دەرمانی دژە کۆرۆنا بە ناوی فابیڤیر کە پێشتر ڕووسیا بەکاری هێناوە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیایەکی ناوخۆ ئەو دەرمانەی بەرهەم هێناوە و کاریگەری هەیە بۆ چارەسەربوونی تووشبووانی نەخۆشیی کۆرۆنا.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتیشی، ئەو دەرمانە لە ئێستادا بەرهەم هاتووە و بەسەر ناوەندەکانی بەکارهێنانی دەرمان دابەش دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەست بە بەکارهێنانی دەکرێت.





تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد

دوێنێ لە کاتژمێر 8:30 بەیانییەوە بە بەشداریی زیاتر لە 144 هەزار قوتابی تاقیکردنەوەکانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی لەسنووری پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد.

بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، یەکەم تاقیکردنەوەی پۆلی 12ی ئامادەیی بە بەشداریی زیاتر لە 144هەزار قوتابی، بێ گرفت و بە سەرکەوتوویی و بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان بەڕێوەچوو.

کەریم لەتیف، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی دەستپێکی تاقیکردنەوەکان بوو و تاقیکردنەوەکەش بە بێ کێشە بەڕێوەچوو، کە بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان بوو و هەموو پێداویستییەکیشیان بۆ دابین کرابوو لە خۆپارێزی و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان، بۆیە هیچ کێشەیەکمان لە پرسیار و ماسك و هۆڵەکان نەبوو و بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو. لەتیف گوتیشی: لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان 144هەزار و 142قوتابی بەشداریان لە تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی کرد، کە 2هەزار و337 هۆڵ دابین کرابوون بۆ تاقیکردنەوەکان، ئەمەش بەپێی ڕێنمایی تەندروستی بوو، بۆیە ئێمە زۆر لێی ڕازی بووین. ناوبراو باسی لەوەش کرد: ئەگەر گرفت هەبوایە، لە یەکەم ڕۆژدا دەبوو، بەڵام خۆشبەختانە هیچ گرفتمان نەبوو و هەفتانەش دوو تاقیکردنەوە بەڕێوە دەچن، کە سەرجەمیان حەوت تاقیکردنەوەن، ئەمە جگە لە تاقیکردنەوەکانی سریانی و تورکمانی.

کۆی گشتی ئەو قوتابیانەی ئەمساڵ بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12 دەکەن 144 هەزار و 142 قوتابییە 51 هەزار و 453 لە هەولێر و 40 هەزار و 405 لە سلێمانی و 42 هەزار و 965 لە دهۆك و دوو هەزار و 366 قوتابی لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە.

وون بوون

سالّیانە و کارتی پشکنینی تووندوتۆڵی ئۆتۆمبێلی ژمارە ٣٣٩٨٣٥ جۆری کیا سپۆرتاج بەناوی عادل علی شریف وون بووە هەرکەسێکك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

کارتی زەوی ژمارە ١٢٠٤ پیرزین لەسەروکایەتی شارەوانی ملا ئومەر دەرچووە بەناوی چنار حامد حمد وون بووە هەرکەسێکك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

کارتی زەوی ژمارە ١١٢٧ پیرزین لەسەروکایەتی شارەوانی ملا ئومەر دەرچووە بەناوی هندرین انور محمد وون بووە هەرکەسێکك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێری و دارایی
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ١٥٩١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٧
بۆ خاتوو/ شەرمین محمد حسین/ فەرمانبەر بە ناونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو)
ئاگادارکردنەوە

ئاماژە بە نووسراوی دەستەی وەبەر هێنان ژمارە (١٥٥٤ لە ٢٠٢٠/٦/٢٢) وە دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی بێ مووچە کە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ وەرت گرتبوو لە ٢٠١٧/٣/٢٩ تا ٢٠٢٠/٣/٢٩) لەبەر دەست بەکارنەبوونەوەت لە ٢٠٢٠/٥/١١ وە ڕاگەیاندنی پشووی فەرمی لە ٢٠٢٠/٣/١١ تا ٢٠٢٠/٥/١٠ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا بۆیە ئاگاداری بەڕێزت دەکەینەوە دەبێت دەست بەکاربیتەوە لە ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستانیت و بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بە بەڵگە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی فەرمی بەپێچەوانەوە بەوازهێنەر دادەنرێیت بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

سامان عارب صادق / بەڕێوەبەری گشتی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:١٣٧٧/ش/٢٠٢٠/١
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/٩
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (تەنیا احمد صابر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار (کەلسوم عبدالله احمد) داوای ژمارە (١٣٧٧/ش/٢٠٢٠/١)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گوندی دووسەرە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت یاخود نوێنەرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٧/٢٧ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

* * *

دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /٢٧/ ب/٢٠٢٠
التاریخ/ ٢٠٢٠/٧/٨
ئاگەهداری

بۆ داواڵێکراو /(هژار ادریس رمضان و حاجی ادریس رمضان) جهێ ئاکنجیبینا وە یا بەرێ زاخو – حەمرین ، جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .. قێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٦/٢٢) ل داوا ژمارا (٢٧/ب/٢٠٢٠) بریار دا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە (٣٢٤/٤ کەرتێ ١١ شکفت مارا) (عەرد وئاڤاهی) بناڤێ (دلوفان ادریس رمضان و طاهر ادریس رمضان) و دگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەر بو بریکارا داواکاری پارێزەران (اسماعیل یوسف سلیمان و عجیل جلبی برو) ب کوژمێ (٢,٠٠٠,٠٠٠) دو ملیون دینار ب یەکسانی , و ژبەر دیار نەبینا جهێ ئاکنجیبینا وە لدیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێت (سێالکا) ژمارە (١٦٩٣) ل ڕێکەفتی (٢٠٢٠/٧/١) وەهڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا حەمرین کو تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وان د دتوماربت مەدا یا هەی بەلی نوکە ئەم نزانن ئاکنجیبێت کیڤانە وجهێ ئاکنجیبونا وان نەدیارە)) , دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا قێ ئاکەهداریێ د دوو ڕۆژنامە بێن نافخویی و ڕۆژانە دا ، دا هوین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارێ ، وئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژ سیندخارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و وە مافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا بنبرێ وەرگرت ...

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

* * *

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ١٠٥/ ب/ ٢٠٢٠
میژوو / ٢٠٢٠/٧/٦
ئاگەهداری

بۆ داواڵێکەراوان / (١/ ولات حسن موسی ٢/ زهرە حسن موسی ٣/ محمود حسن موسی ٤/ عبدالحمید حسن موسی ٥/ شرین حسن موسی ٦/ پروین حسن موسی ٧/ ابراهیم حسن موسی). داواکار (نیری یوسف عبدالله) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی هەوە داوا دکەت تومارکرنا خانیێ ژمارە (٢٦٩٤/١ کەرتێ ١١ سمیل) بو سەر ناڤێ خو کو ژ هەوە کریە ب کوژمێ (٤٠,٠٠٠,٠٠٠) چل ملیون دیناریت عیراقی کو ئەو کوژمێ پارەی هەوە ژ داواکارێ وەرگرتیە ، ژبەر نە حازربوونا هەوە ل ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرا ل سێمێلێ کو داواکارێ داخاز ژوە کریە ئامادەبن بو تومارکرنا خانیێ ئامارۆپێکری ل سەری بو سەر ناڤێ وێ ل ڕۆژا دووشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٩/١٠/١٤) و هوین ئامادە نەبوینە کو هین دهێنە هژمارتن لێڤەبوی ل دیف هوژداریا ژمارە (٢٠١٩/٤٨٠) یا فەرمانگەها دادنووسی سمیل ول دیف بریارا ژمارە (١١٩٨) سالا ١٩٧٧ ، ژ بەر نەشتەجیبوونا هەوە نادیارە بە پێ ئیشعارا موختارێ گەرەکا (نوروز) ل قەزا سمیل ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٦/٢١) بۆیە دادگەها بریاردا هەوە ب ریکا دوو ڕۆژنامەی ناوخویی ڕۆژانەیی ئاگەهداربکەن ئامادەبن ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٧/٢٠) دەمژمێر نەهی سپێدێ و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە و ل دیف یاسایی.

دادوەر/ قیصر صائب صلاح

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە: ٢٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٧/٨
ئاگەهداری
بۆ/ داواڵێکراو/ ایڤان صلاح ابراهیم/ جهێ ئاکنجیبوونی نەدیارە

بریار هاتە دان ژ لای ڤێ دادگەهی دکیشا ژمارا وی ل سەری دیارکری ب ژیك جودا بوون (التفریق) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو و دواکار (شهد عباس صالح) و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر و دەستەکا قەزا سێمێلێ- کومەلگەها تناهی ئەڤ بریار بەلاڤکرو تە مافێ نەرازیبوونێ و پیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی ١٠ دەھ ڕۆژا ژ بەلاڤکرنا ڕۆژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسا..

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە: ١٧٨/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٧/٧
ئاگەهداری

بۆ/ داواڵێکراو/ سمیە غلا محسن محمد رضا حسینی/ جهێ ئاکنجیبوونی نەدیارە

بریار هاتە دان ژ لای ڤێ دادگەهی دکیشا ژمارا وی ل سەری دیارکری ب پەسندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ناڤبەرا تەو و دواکار (سفین طاهر احمد) ئەوا ڕودای دناڤبەرا تە وێدا ل ٢٠١٨/٣/٢١ و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر و دەستەکا قەزا سێمێلێ- کومەلگەها تناهی ئەڤ بریار بەلاڤکرو تە مافێ نەرازیبوونێ و پیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی ١٠ دەھ ڕۆژا ژ بەلاڤکرنا ڕۆژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسا..

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

دادگای باری کەسایەتی ل دهوك
ژمارە: ١٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٧/٦
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری

بۆ/ داواڵێکری (میرندا زیکای)

قێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢٤ێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (بنیات عاصم محمد) بریاردا ب (باثبات نسب الطفلتین کل من فالنتینا و امینة) د ناڤبەرا تە و هەڤژینێ تە یێ داواکار و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەھ ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان.

دادوەر/ زیرڤان احمد حسین

* * *

دادگای باری کەسایەتی ل دهوك
ژمارە: ٥١/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٧/٦
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری

بۆ/ داواڵێکری (سویده سوار عیسی)

قێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢١ێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (تالان ماجد عبدالرحمن) بریاردا ب (تصدیق الطلاق) د ناڤبەرا تە و هەڤژینێ تە یێ داواکار و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەھ ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان.

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

* * *

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٢/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠
ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (٣٤) دوکان ئەوا دکەڤیتە سەر بەشك ژ پارچە ئەردێ ژمارە (٥٦٤٩/١) کەرتێ (٦٣) بەردەرەش مەزن بو ماوێ ١ ئێك سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا بەردەرەش بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا بەردەرەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٠

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای Fullmoon ب.پ.ك/ خبات جادر علی) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕایبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت

بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- تێکردنی تایت ٣ کیلۆی تا ٥ کیلۆی ژمارە/١٤٠٣١٣٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠. فلتر + هۆ پە ر + با لا بە ر + کۆ نڤا یە ر

٢- تێکردنی تایت ١ کیلۆی تا ٢٠ کیلۆی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠. هۆ پە ر + با لا بە ر + کۆ نڤا یە ر

٣- تێکردنی تایت ٥٠٠ غرام تا ١,٥ کیلۆ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠. هۆ پە ر + با لا بە ر + کۆ نڤا یە ر

٤- تێکردنی تایت ٣٠٠ غرام ٦٠٠ غرام ژمارە/ ١٧١٠١١١١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧. هۆپەرو بالابەر

٥- مێکسەری تێکەڵکردن و تێ کردنی تایت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠. بالابەر و هۆپەر

٦- کۆمپرێسەری هەوا ٧٥٠ لیتری بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٧- یوپی ئێس ups ڕێك خەری کارەبا بێ ژمارە دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A٦٠.

٨- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ CD٤٠٤٥G١٤٤١٧ دروستکراوی فرنسی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٦٠. تانکی گاز

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٤٨٥١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مەزن) بۆ بەلێندەرایەتی و گواستنەوە/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (مەزن) بۆ بەلێندەرایەتی و گواستنەوە/سنوردار)

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ابراهیم سعد الدین ابراهیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٠

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:٤٠٦١/١٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/٨
ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە, بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامارە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (١٥) پازدە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی مولّك/ ٨٠١ , ١١٧/١٤٣٦ م ٤٥ وارش ٣٥٤/٥ م ٤٥ وارش رووبەر/ ٢م٦٨٩٠ جۆری بەکارهێنان/ گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل (بەرامبەر بازاری لەنگە ٤٠م) ماوەی بەکرێدان/ (٣) سێ ساڵ.

ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ٥٨٥٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ساتی فرین) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ساتی فرین) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عفان جلال عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٤

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ساتی فرین) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ عفان جلال عبدالله
ناونیشان/ هەولێر- هەڤالان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٩١٧٩٧٦

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (مەزن) بۆ بەلێندەرایەتی و گواستنەوە/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ ابراهیم سعد الدین ابراهیم
ناونیشان/ هەولێر- بحرکە
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٥٢٢٦٥

رێکخراوی ئەهلی ویلایەت/ هەولێر
ژمارە: م/٣٣٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٩
جاردان
بۆ ئاگادارکردنەوەی (محسن مسعود موسی) کە شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە.
لەسەر داوای (صوفیا اکبر اسماعیل) بو جیابوونەوە لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆ بۆ ئاگادارکردنی کە لەرۆژی (٢٠٢٠/٧/٢٠) لە نوسینگەی ئەهلی ویلایەت (اهل الولایة) ئامادەبیت بو جیابوونەوە وە ئاگادار دەکەمەوە کە بوجاری یەکەم لەدوو رۆژنامەی هەولێر و خەبات بە ژمارە (٣٢٩١) و ژمارە (٥٩٥٩) خەبات تثبیت وە طبع کراوە بە ئامادەبوونی ناوبراو محسن مسعود موسی وە خاتون صوفیا اکبر اسماعیل وە حضوری شاهد.
مدیر مؤسسة اهل الولایة
الشیخ بشیر عادل گلی
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە/١٥٩/ش/٢٠٢٠
رێکەفتی/٢٠٢٠/٦/٣٠
ب / راگەهاندن
بو داوالێکراو (امینە محمد خلیل) ئ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٥٩/ش/٢٠٢٠)ل روژا ٢٠٢٠/٦/٢١ بەسندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دنافبەرا تە وداواکار (هوگر حسین یوسف) ل ٢٠١٩/٩/٢ وژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتەکرن ب رێکا دوو روژنامییێت روژانە وتە مافی نەرازیبونێ وپێداچوونێ یێ هەیی دماوەی یاساییدا وبەروڤاژیا ئ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢٣/ت/ ٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٧
ئاگەهداری
رێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٢١٢٣/٣٢) کەرتی ٣١ شاریا) یا قەرزدار (کامیران جیجو یزدین) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بقێت بکریت دقێت پیداچونا رێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودقێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی وەدلایلێ لسەر بکری نە روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٢١٢٣/٣٢ کەرتی ٣١ شاریا)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئیک تابقە
رووبەر :- (٢٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٣١٠٠٠٠٠٠) سیە وئیک ملیون دینارێ عیراقی جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٢١٨/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/٢٠٢٠/٧/٧
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری(سالم بری حسن)جهێ ئاکنجیێ وێ نەدیارە ژبەر داوای داوکار ئەوا لسەر تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (ماریە بری حسن) ئەوا داخاز دکەن (نەهیلانا هەفپشکیا) لسەر خانووبەرا ژمارە ٢٠١/١ کەرتێ ٧٦ شندوخا روژ هەلات وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا بنگەهین بولیسین خانکی ژمارە (١٠٥٥) رێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢١ تو دگەل وراپورتا موختاری تاخی کبرتو ل ٢٠٢٠/٦/٢١ دادگەهێ بریاردا تو بهێی یە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ئەقێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٩ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوقە نە هینێری دێ دادبینی بێی ئامادەبوناتە وئاشکرایی بڕیقە چیت وەلدیف یاسایێ
دادەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٠٣٠/ب/٢٠١٨
٧/دانانا دەستەسەریێ /٢٠١٩
رێکەفت/٢٠٢٠/٣/٣
ئاکەهداری
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ١٠٣٠/ب/٢٠١٨ رێکەفتی ٢٠١٩/٦/٩ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکیێ ل سەر پارچە زەڤیێن ژمارە(٥ و٦ و٩ و١٠ و١١ و١٢ و١٣ و١٩ و٢٠ و٢١ و٢٣ و٢٤ و٢٥ و٢٨ و٣٣ و٤١ و٤٤ و٤٩ و٥٨ و٦٠ و٨٦ و٨٨ و٨٩ و٩١ و٩٣ و١٠١ و١٠٢ و١٠٣) کەرتی ٩٨ کرماوە سعید اغا ل دویف وان سالوخەتین خوارێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەڤیێن نافبری ل سەر ئیك زێدەکرنا ئاشکرا بو ماوێ پازدە روژا ژ روژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت روژا سیهێ ل دەمژمێر (١٢)ی نیڤرو دگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ژ رێزا ١٠٪ ژ بهایێ هەر پارچە زەڤیە کەگەر نە هەڤپشك بیت بو زانین دانا پارەی وکرییا رێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر روژا ناڤبری بێنڤەدانێ بو روژا پشتی وێ دێ بیتە روژا سەر ئیك زێدەکرنێ
سالوخەت :
١- پارچا ژمارە(٥) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٨١) دونم و(٥)اولك و(٢٥)م٢ بهایێ وێ (٢٤٣٦٣٠٠٠٠٠) دوو ملیار وچار سەد وسیە وشەش ملیون وسێ سەد هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ چاندیە هندەك داروبارا وخانیەك ودوو کەپر یێن هاتینە ئاڤاکرن هندەك ئەردیێ بن ئاڤە وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن وئەڤ بهایە یێ ئەردیە بتنێ یە
٢- پارچا ژمارە(٦) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٢) دونم و(١٠)اولك بهایێ وێ (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سەد وچل وچار ملیون دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بساتن کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن
٣- پارچا ژمارە(٩) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٨) دونم و(٥٥)م٢ بهایێ وێ (٣٣٦٩٢٤٠٠٠) سێ سەد وسیە وشەش ملیون ونەە سەد وبیست وچار هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن
٤- پارچا ژمارە(١٠) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (١٠) دونم و(١٨)اولك بهایێ وێ (٢٠٥٩٢٠٠٠٠) دوو سەد وپێنج ملیون ونەە سەد وبیست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن
٥- پارچا ژمارە(١١) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٣) دونم و(٤)اولك بهایێ وێ (٣٧٩٢٠٠٠٠) سیە وحەفت ملیون ونەە سەد وبیست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن
٦- پارچا ژمارە(١٢) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٥) دونم و(٩)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (٦٤٥٦٠٠٠٠) شێست وچار ملیون وپێنج سەد وشێست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ودکەڤیتە سەر جادا گوندی وهندەك داریت کێم پێن باهیڤا یێ لێ هەین وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
١٦- پارچا ژمارە(٤١) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٢) دونم و(٢٠)اولك بهایێ وێ (٦٧٢٠٠٠٠٠) شێست وحەفت ملیون ودوو سەد هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا وپرتەکا کێم زستانا بن ئاڤ دبیت ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
١٧- پارچا ژمارە(٤٤) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٧) دونم و(١٧)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (١٧٥٥٦٠٠٠٠) سەد وحەفتێ وپێنج ملیون وپێنج سەد وشێست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
١٨- پارچا ژمارە(٤٩) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (١٥) دونم و(١٠)اولك بهایێ وێ (٤٦٢٠٠٠٠٠٠) چار سەد وشێست ودوو ملیون دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا وهندەك داریت کێم یێن باهیڤا یێن کەفن لێ هەین ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن
١٩- پارچا ژمارە(٥٨) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٤) دونم و(١٠)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (١٣٢٦٠٠٠٠٠) سەد وسیە ودوو ملیون وشەش سەد هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا گوندی وهندەك داریێن ڤیڤی وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢٠- پارچا ژمارە(٦٠) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٦) دونم و(١٠)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (١٩٢٦٠٠٠٠٠) سەد ونوت دوو ملیون وشەش سەد هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا سەرەکی وچاندیە هندك دارین ڤیڤی وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢١- پارچا ژمارە(٨٦) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٣) دونم و(١٠)اولك و(٢٥)م٢ بهایێ وێ (١٢٢٧٦٠٠٠٠) سەد وبیست ودوو ملیون وحەفت سەد وشێست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢٢- پارچا ژمارە(٨٨) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٥) دونم و(٧)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (١٥٩٠٠٠٠٠٠) سەد وپێنجی ونەە ملیون دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ چاندیە هندك داریێن کێم وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب وجادە نینن
٢٣- پارچا ژمارە(٨٩) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٧) دونم و(٤)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (٣٠١٥٦٠٠٠٠) سێ سەد وئیك ملیون وپێنج سەد وشێست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا گوندی وهندەك دارێن ڤیڤی بێن لێ هەین وپرتەکا باخچەی دکەڤیتێ ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن وئەڤ بهایە یێ ئەردی ب تنێ یە
٢٤- پارچا ژمارە(٩١) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (١٢) دونم و(٩)اولك و(٧٥)م٢ بهایێ وێ (٢٦٧٦٢٤٠٠٠) دوو سەد وشێست وحەفت ملیون وشەش سەد وبیست وچار هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ چاندیە هندك داریێن ڤیڤی وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢٥- پارچا ژمارە(٩٣) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٦) دونم و(١٤)اولك بهایێ وێ (٢٧٥٥٢٠٠٠٠) دوو سەد وحەفتێ وپێنج ملیون وپێنج سەد وبیست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ویێ ڤالایە ژ ئاڤاکرن وجاندنێ وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢٦- پارچا ژمارە(١٠١) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٩) دونم و(١٩)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (٢٩٣٤٠٠٠٠٠) دوو سەد ونوت وسێ ملیون وچار سەد هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا سەرەکی وچاندیە هندك دارین ڤیڤی وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢٧- پارچا ژمارە(١٠٢) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (١١) دونم و(٢٢)اولك بهایێ وێ (٨٥٥٣٦٠٠٠٠) هەشت سەد وپێنجی وپێنج ملیون وسێ سەد وشێست هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (تسقی مطرا) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا سەرەکی هندك دارین ڤیڤی وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
٢٨- پارچا ژمارە(١٠٣) کەرتێ ٩٨ کرماوە سعید اغا رویبەرێ وێ (٧) دونم و(٢٢)اولك و(٥٠)م٢ بهایێ وێ (٣٧٩٢٠٠٠٠٠) سێ سەد وحەفتێ ونەە ملیون ودوو سەد هزار دینار پارچە زەڤی ئەردەکێ کشتوکالیە رەگەز (بستان کرم دیمی) دکەڤیتە گوندێ گەرماڤا ول سەر جادا سەرەکی هندك دارێن ڤیڤی وخزمەت گوزاریێن ئاڤ وکارەب نینن
القاضی/ ریبوار محمد حسن

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٤٠٦٢/١٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨
ئاگاداری
ئاگاداری هاوواڵتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێدانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی موڵك لە (دوکان ، گەراج ، مارکێت ، کۆشك.. هتد) لەم گەڕەك و ناوچانەی کە لە خوارەوە هاتووە بەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بەرێژەی لە ٢٠٪ کەمتر نەبێت لەنرخی خەملێنراو زیاد کردنەکە لە رۆژی (٣٠)سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات کرێی گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١٧١ شێخ احمد ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ گراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
٢- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١٧١ شێخ احمد ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
٣- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٤٤ وارش ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ.
٤- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٤٤ وارش ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
٥- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ.
٦- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
٧- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ چێشتخانە (مطعم) ماوەی بەکرێدان/ سێ ساڵ.
٨- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ گراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
٩- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٠- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باکوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ گراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١١- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باکوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کۆگا ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٢- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٩٣ حسارۆك ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ.
١٣- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ گراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٤- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کارگە ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٥- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٤٥ وارش کەرتی سێتاقانی شەهیدان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ.
١٦- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) دوکانەکانی پشت زراعە ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٧- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری مامۆستایان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٨- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٤٤ وارش ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ مارکێت ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
١٩- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق نزیك گومرگ ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ کۆشك/ چێشتخانە ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

دوای چوار مانگ لە چاوەڕوانی144142 هەزار قوتابی 12 ی ئامادەیی یەکەم تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا

ئەمساڵ زیاتر لە 18000 قوتابی مافی بەشداریکردنیان لە تاقیکردنەوەکان نییە

جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو پاش سێ کاتژمێر لە تاقیکردنەوەکان قوتابی دەتوانێت وەڵامە ڕاست و هەڵەکانی خۆی ببینێت



وەزیری پەروەردە : لیژنەیەکی تاقیکردنەوەی بە ئەزموونمان هەیە وایان لێ ڕا ئەبینم و واش تەکلیفم کردوون کە نابێت هیچ هەڵەیەک ڕووبدات وە چاوپۆشیش لە هیچ هەڵەیەک ناکەم .

ئالان حەمە سەعید:

داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەم کە تاقیکردنەوە تەواو دەبێت وەڵامی پرسیارەکان نەخەنە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووکەوە.

وەزیری پەروەردە : هەرکەسێک پڕوپاگەندەی نادروست بەناوی دزە پێکردنی پرسیاربڵاو بکاتەوە ،جگە لەوەی ڕووبەڕووی دادگای دەکەینەوە دەیدە ینە کەنالەکانی ڕاگەیاندن و هیچ کەسێک لەم بابەتە هێڵی سوور نییە

بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان: پرسیار بە پێی پێوەری زانستی خۆی دادەنرێت، قورس و ئاسان و ناوەند

خەبات / ڕۆشنا عەلی

دوێنێ 11/7/2020 یەکەم تاقیکردنەوەی پۆلی 12 ی ئامادەیی بە هەرسێ بەشی زانستی و وێژەیی و خوێندنی ئیسلامییەوە ئەنجامدرا ، کە بەهۆی ڕیکارە تەندروستییەکانەوە دواخرا بوو قوتابیان هەفتانە دوو تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن و هیچ قەدە غەیەکی هاتوو چۆش تاقیکردنەوەکان دواناخات ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەدا کە تاقیکردنەوەکان بە ڕێکاری تەندروستییەوە ئەنجامدە درێت وقوتابیان دەبێت بە ماسکەوە تاقیکردنەوە بکەن و قەرە باڵغی لە گۆڕەپانی قوتابخانە دروست نەکەن و هەوا گۆڕکێ لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوە هەبێت و قوتابیان هیچ هۆکارێکی نوسین و ڕەشکردنەوە ئاڵو گۆڕ نەکەن، لە کۆنگرەکەدا ئاماژەی بەوەدا کە ناتوانن پێش بینی کۆتایی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن و تاقیکردنەوەی ئەم قۆناغەش هەر دەبێت ئەنجامبدرێت ، هەر لەو کۆنگرەیەدا هەریەك لە ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە وکەریم لەتیف بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی پەروەردە ئەوانەی بەرپرسیارێتی ئەوانە وەك وەزارەت جێبەجێی دەکەن بە هیمەتی مامۆستایان و بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران ئالان حەمە سەعید وتی؛ وەك وەزارەت ئێمە ڕێنمایی تەندروستی بڵاو دەکەینەوە ،بەڵام ئەم ئەرکە تەنها بە مامۆستایان و ستافی تاقیکردنەوەکان جێبەجێناکرێت ، بەڵکو بەشێکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی خێزان کە ئەوانیش ڕێنمایی وردی منداڵەکانی خۆیان بکەن کە لە هەموو کۆبوونەوەیەك دوور بکەونەوە وەستان لەبەردەمی قوتابخانە و لەناو گۆڕەپانی قوتابخانە بە هەموو شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە بە سوپاسەوە هەموو ئەو لایەنە هەماهەنگکارانەی لە لیژنەکە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەنجامداون بەڵێنیان داوەکە هەرچی لەسەر ئەوانە هاوکار بین وەك وەزارەتی خوێندنی باڵاش هەماهەنگییەکی باشمان هەیەو داوامان لێکردوون بەشێك لە هۆڵەکانی زانکۆکانی کوردستان بەکار بهێنین بۆ تاقیکردنەوەکان و چەندین هۆڵیان بۆ دابینکردووین بە تایبەتی لە شارەگەورەکاندا ، وەزیری تەندروستیش بڕیاری داوە کە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەکان ڕابسپێریت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشی تەندروستی قوتابیان بکەن.

هەڵسەنگاندنی ڕەوشی تەندروستی

سەرەتا وەزیری پەروەردە دەربارەی پرسیارە سەرەکییەکەی قوتابیان کە لەم دۆخەداو کە تاپادەیەك هەڵکشانێك هەیە لە ڕووی ڕەوشی تەندروستییەوە لە هەرێمی کوردستان چۆن تاقیکردنەوە ئەنجامدەدرێت؟ ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەم ڤایرۆسە ناڕوونە بۆ ئێمە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کەلە مانگی هەشت یان مانگی نۆ نامێنێت وسروشتی تاقیکردنەوەی پۆلی 12 وایە کە دەبێت ئەم تاقیکردنەوەیە هەر ئەنجامبدرێت هەر لەبەر ئەوە بڕیارماندا تاقیکردنەوەکان ئەنجامبدرێن ، بەڵام بە ڕێنمایی تەندروستییەوە ڕێنماییەکانی تەندروستیش بۆ ئێمە نێردراوەو پاشان گشتاندنی بۆ ئەکەین و کورتە ڤیدیۆشی لەسەر دروست دەکەین بۆ ئەوەی مامۆستایان و قوتابیان پێی ئاشنا بن.

بەڕپرسیارێتی دایبابان

وەزیری پەروەردە هەر لە کۆنگرەکەدا داوای لە دایبابان کرد کە ئەم ماوەیە کەشێکی ئارام و تەندروست بۆ قوتابیان فەراهەم بکەن چ لە ڕووی دەروونییەوە چ لەڕووی تەندروستییەوە وابەستە کۆمەڵایەتییەکان و سەردان و شوێنی قەرەباڵغ کەمبکەنەوە ئاماژەی بەوەشدا کە ئەم تاقیکردنەوانە کە 8/8 /2020 کۆتایی دێت و سەرکەوتنی پەیوەستە هەم بە دایبابان و هەم بە وەزارەتی پەروەردە ئەوانەی بەرپرسیارێتی ئەوانە وەك وەزارەت جێبەجێی دەکەن بە هیمەتی مامۆستایان و بەرێوەبەران و سەرپەرشتیاران ئالان حەمە سەعید وتی؛ وەك وەزارەت ئێمە ڕێنمایی تەندروستی بڵاو دەکەینەوە ،بەڵام ئەم ئەرکە تەنها بە مامۆستایان و ستافی تاقیکردنەوەکان جێبەجێناکرێت ، بەڵکو بەشێکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی خێزان کە ئەوانیش ڕێنمایی وردی منداڵەکانی خۆیان بکەن کە لە هەموو کۆبوونەوەیەك دوور بکەونەوە وەستان لەبەردەمی قوتابخانە و لەناو گۆڕەپانی قوتابخانە بە هەموو شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە بە سوپاسەوە هەموو ئەو لایەنە هەماهەنگکارانەی لە لیژنەکە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەنجامداون بەڵێنیان داوەکە هەرچی لەسەر ئەوانە هاوکار بین وەك وەزارەتی خوێندنی باڵاش هەماهەنگییەکی باشمان هەیەو داوامان لێکردوون بەشێك لە هۆڵەکانی زانکۆکانی کوردستان بەکار بهێنین بۆ تاقیکردنەوەکان و چەندین هۆڵیان بۆ دابینکردووین بە تایبەتی لە شارەگەورەکاندا ، وەزیری تەندروستیش بڕیاری داوە کە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەکان ڕابسپێریت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشی تەندروستی قوتابیان بکەن.

ژمارەی قوتابیان

وەزیری پەروەردە دەربارەی ژمارەی قوتابیانی ئەمساڵ بۆ تاقیکردنەوەکان ئاماژەی بەوەدا؛ کە 162668 هەزار قوتابی پۆلی 12 ی ئامادە ییان هەبووە بەوانەی کە قوتابی دەرەکیش بوون لە کۆی ئەو ژمارەیە 144142 هەزار قوتابی مافی بەشدار بوونیان بەدەستهێناوە زیاتر لە 18000 هەزار قوتابی و خوێندکار مافی بەشداریکردنیان لە تاقیکردنەوەکاندا بەدەستنەهێناوە ئەوانەی مافی بەشدار بوونیان هەیە دابەش دەبن بەسەر 2337 هۆڵی تاقیکردنەوە کە هۆڵی زانکۆکان و پەیمانگاکان و قوتابخانە ئەهلییەکان و بەشێك لە قوتابخانە حکومییەکانن.

جیاوازی تاقیکردنەوەکان

ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە لەبارەی جیاوازی تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵ بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ئاماژەی بەوەدا کە ئەم تاقیکردنەوانە یەکەمین جارە لە کوردستان بەمجۆرە ئەنجامەدرێت لەمبارەیەوە وتی ؛ پاش ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ڕادەگەیەنرێت پاش دوو کاتژمێر قوتابی دەتوانێت پەڕەی سۆمای خۆی ببینێت بە وەڵامی نموونەییەوە کە تاچەند وەڵامی داوەتەوە ئەمە پرۆسەیەکی زۆر شەفاف و عەدالەتە ساڵی پار لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەممی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 28 ڕۆژدا ئەم پرۆژەیەمان سەر پێخستووە، لە ناوچەکە پرۆسەیەکی زۆر دەگمەنە و تەنها لە تورکیا هەیە ئەو پەڕە سۆمایەی کە قوتابی وەڵامی لەسەر ئەداتەوە هەمان ئەو پەڕە سۆمایە ی خۆی دەبینێت کە واژووی خۆی و پەنجە مۆری لەسەرە و هەروەها وەڵامی نمونەیی هەر وەڵامێك هەڵەی کردبێت بە ڕەنگی سوور بۆمان دیاریکردووە ئەم پرۆسەیە ئەنجامی پەڵپ کەمدەکاتەوە.

دابینکردنی ماسک

وەزیری پەروەدە ئاماژەی بەوەشدا کە قوتابیان پێویستە ماسك بە کار بێنن، بەڵام بۆ دەستکێش وەزارەتی تەندروستیش لەگەڵ ئەوە بوو کە بکرێتە ئارەزوو مەندانە هەروەها وتی؛ بۆ دابینکردنی ماسکیش د. تەها ڕەسول لە پارێزگای سلێمانی 150000 ماسکی بۆ سەرجەم قوتابیانی کوردستان لە دهۆکەوە تا گەرمیان دابینکردووە دەربارەی پاککەرەوەش ئێمە لە هەموو ناوندەکانی خوێندن دابینی ئەکەین نابێت ئاڵ و گۆڕی قەڵەم ڕەساس و ڕەشکەرەوە لە نێوان قوتابیاندا هەبێت.

پرسیاری تاقیکردنەوەکان

دەربارەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانیش وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەداً؛ کە ئەمساڵ و جیاواز لە ساڵان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بودجەمان بۆ تەرخانکراوە کە تاقیکردنەوەی زیندەوەر زانی بە ڕەنگاوڕەنگ چاپ بکەین و داواکاری قوتابیان بووەو پێویستیشە چونکە وێنەی تێدایە.

تەندروستی قوتابی

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەگەر قوتابییەك توشی کۆرۆنا بێت چۆن تاقیکردنەوەکان ئەنجامبدات و ئایا مۆڵەتی پێدەدرێت؟ وەزیری پەروەردە وتی؛ سەلامەتی بۆ هەموو قوتابیان و خوێندکاران دەخوازم ئەو قوتابیانەی نەتوانن لە 11/7 تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن دەتوانن لە 1/9 تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن ،بەڵام ئێمە تەنها بۆچوونی فەرمی وەزارەتی تەندروستی لەم بابەتە وەردەگرین دوا ئاماری ئێمە لە وەزارەتی تەندروستییە نەك لە لیژنە تەندروستییەکان و بنکە تەندروستییەکان دەبێت داتا بەیسی وەزارەتی تەندروستی ئەو ناوانەمان پێبدەن کە قوتابی بوون و هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و نەیانتوانیوە تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن.

دابینکردنی کارەبا

وەزارەتی کارەبا بۆ هاوکاریکردنی وەزارەتی پەروەردە چەند هەنگاوێك پەیڕەو دەکات کە بەپێی نوسراوێك ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەی کردووە و کۆپییەکی دەست خەبات کەوتووە لە ڕۆژانی ئەزموونەکان یەکەیەکی 100 میگاواتی لە وێستگەی دهۆك زیاد دەکات لە 8 ی بەیانییەوە تا 12 ی نیوەڕۆ هەروەها ڕاگرتنی پێدانی کارەبا بە کارگەکان لە ڕۆژانی ئەزموونەکان کە 250 میگاواتە جگە لەوەش پاش 15/7/2020 یەکەی دووەمی وێستگەی خەبات دەست بەکارکردن دەکات کە 150 میگاواتە

بابەتی نەخوێنراو

کەریم لەتیف بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردە دەربارەی شێوازی پرسیارەکان و جیاوازییان لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا وتی؛ پرسیار هەر بە پێی پێوەری زانستی خۆی دادەنرێت نابێت لە کوالێتی زانستی پرسیارەکان کەمبکرێتەوە ئەو پڕۆگرامەی داغڵ نەبووە پرسیاری لێ نەهاتۆتەوە پرسیاریش بە شێوەیەکی گشتی هەندێکی ئاسانە و هەندێکی ناوەندە و هەندێکی گرانەو هەندێکی زۆر گرانە بۆ ئەوەی بتوانین جیاکاری لە نێوان ئاستی قوتابیاندا بکەین.

هەڵەی پرسیار

دەربارەی بوونی هەڵە لە پرسیارەکاندا وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەداً؛ کە بابەتێك هەیە و سۆشیال میدیا زۆر گرنگی پێدەدا بۆ ئەوەی دەروونی قوتابی بەجۆرێك لە جۆرەکان بشێوێنن بەوەی کلێشەی پرسیاری ساڵانی ڕابردوو ئەهێنن و دەسکاری ئەکەن و بڵاوی دەکەنەوە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندی تەواومان هەیە هەرکەسێك پڕوپاگەندەی نادروست بەناوی دزە پێکردنی پرسیاربڵاو بکاتەوە وکار لەسەر پێکدانی دەروونی قوتابی بکات ،جگە لەوەی ڕووبەڕووی دادگای دەکەینەوە دەیدەینە کەنالەکانی ڕاگەیاندن و هیچ کەسێك لەم بابەتە هێڵی سوور نییە مەسەلەی پاراستنی شەفافیەت لە تاقیکردنەوە مەسەلەیەکە هێڵی سوورە پێویستیشە قوتابیانی ئێمە هەواڵاً و زانیاری لە پێگە فەرمییەکانی وەزارەت وەربگرن.

وەزیری پەروەردە وتیشی؛ من وەك وەزیر کە بەرپرسیارێتی لەسەر شانمە دەتوانم ڕێنمایی بدەم کە پرسیاری دووبارەو هەڵەو پرسیارێك کە داغڵ نەبێت نەهێنرێتەوەو ڕوون بێت هەموو ئەم ڕێنماییە پێویستانەمان داوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و لیژنە ی تاقیکردنەوەکان کە تایبەتن بۆچوونیشمان وایە کە لیژنەیەکی تاقیکردنەوەی بە ئەزموونمان هەیەخەڵکانێکی بە توانا و پسپۆرو شارەزان وایان لێ ڕا ئەبینم و واش تەکلیفم کردوون کە نابێت هیچ هەڵەیەك ڕووبدات وە چاوپۆشیش لە هیچ هەڵەیەك ناکەم ، داواش لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەم کە تاقیکردنەوە تەواو دەبێت وەڵامی پرسیارەکان نەخەنە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووکەوە ئەمە ئیشی ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنەی کە کەلە شارەکانەوە دێن وەڵامی نموونەیی دادەنێین و لە پەیجی فەرمی وەزارەتەوە پاش کاژمێر 12ی نیوەڕۆ بڵاو دەکرێتەوە تاکە شتێیەکیش کە ئێمە پشتی پێ ببەستین بۆ هێنانەوەی پرسیار کتێبەکانی خوێندنە و بەهیچ جۆرێك پشت بە مەلزەمە نابەستین و کتێبەکان تاکە پێوەرن.

پەنجە مۆر

دەربارەی پەنجە مۆری قوتابی کە جێگای ڕەخنەی بەشێك لە پەروەردەکاران بوو گوایە بۆ تەندروستی قوتابیان باش نییە لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕێکان کەمال بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەی بەوەداً؛ کە بە پێی بڕیارێك تەنها بۆ ئەمساڵ لە تاقیکردنەوەکاندا پەنجە مۆر بە قوتابیان ناکرێت و ئەمەش لە پێناو سەلامەتی قوتابیانە کە بۆ ئەزموونی ساڵی خوێندنی 2019-2020 قوتابیان تەنها واژوو دەکەن و پەنجە مۆر ڕادەگیرێت .

دەربارەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان لە م ڕێکەوتە قوتابییەکی پۆلی 12 ی ئامادەیی ئامازە بەوە دەدات کە زۆربەی قوتابیان لەگەڵ ئەوە بوون تاقیکردنەوەکان دوابخرێت ئالان جەمال وتی ؛ ئارەزووی زۆرێك لە قوتابیان بوو کە دوابخرێت و پێیانیش باش بوو کە دوابخرێ و لەم کاتە تاقیکردنەوە ئەنجام نەدرێ بەراستی زۆربەی زۆری قوتابیان پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان نابن بەڵکوو هەندێکیش پێچەوانەکەی دەکەن.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند سوودتان لە کاتە وەرگرتووە کە لەبەردەستتان بووە ئەو قوتابییە وتی : بەڵنییەوە کاتێکی زۆرمان لەبەردەستدا بوو بەڵام کێشەکە ئەوەبوو ڕوون نەبوو کەی تاقیکردنەوە دەکرێ و چ بابەتێ داغڵە تاوەکوو مانگی شەش وە لەمانگی شەشیش دەنگۆی دواخستن بڵاو بوویەوە ئەوە هێندەی تر قوتابی سارد کردەوە.



قوتابییەک: ڕاستە کاتێکی زۆرمان لەبەردەست بوو، بەڵام بۆمان ڕوون نەبوو کەی تاقیکردنەوەکان ئەنجامدەدرێت

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەت : لەبەر تەندروستی قوتابیان تەنها ئەمساڵ پەنجە مۆر بە قوتابیان ناکرێت

www.xebat.net
یەکشەممە 2020/7/12 ژمارە(5971) hawarmurtkaee@yahoo.com
لە ماڵ پارێزاو دەبین
خەبات

خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا دەستپێ دەکاتەوە

ئەنجامی تیروپشکی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا رۆژی هەینی رابردوو رێورەسمی تیروپشکی چارەگ و نیوەی کۆتایی پێشبڕکیی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ وەرزی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بەڕێوەچوو، دوای ئەوەی زیاتر لە چوار مانگە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەستێندرابوو.

ئەنجامی تیروپشکی چارەگی کۆتایی بەمشێوەی خوارەوەبوو:

١- براوەی یاریيەکەی نێوان بایرن میونشن و چێلسی یاری دەکات.

٢- براوەی یاریيەکەی نێوان ناپۆلی و بەرشلۆنە بەرامبەر براوەی یاریيەکەی نێوان بایرن میونشن و چێلسی یاری دەکات.

٣- براوەی یاریيەکەی نێوان ناپۆلی و بەرشلۆنە بەرامبەر براوەی یاریيەکەی نێوان بایرن میونشن و چێلسی یاری دەکات.

٤- ئەتلانتا بەرامبەر پاریس سان جێرمان

ئەنجامی تیروپشکی نیوەی کۆتایی بەمشێوەیە:

براوەی یاری ژمارە ١ بەرامبەر براوەی یاری ژمارە ٣ یاری دەکات

براوەی یاری ژمارە ٢ بەرامبەر براوەی یاری ژمارە ٤ یاری دەکات

یاریيەکانی قۆناغی شانزە کەماون بڕیارە لە رۆژانی ٧ و ٨ی مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێت، یاریيەکانی قۆناغی ٨یش لەماوەی نێوان ١٢ تا ١٥ی ئاب بەڕێوەدەچن، هەردوو یاریی نیوەی کۆتاییش رۆژانی ١٨ و ١٩ی هەمان مانگ بەڕێوەدەچن، یاری کۆتاییش بڕیارە رۆژی ٢٣ بەڕێوەدەچێت و یاریيەکانی پێش کۆتایی تا یاری کۆتایی لە شاری لیشبۆنە ی پر تو گا لی بەڕێوەدەچن.

هیوای چاکبوونەوە بۆ کاپتن سەلاحەدین سامەند دەخوازین

هاوار مورتکەیی

پشکنینە تەندروستییەکان دووپاتیان کردەوە کە کاپتن سەلاحەدین سیامەند ئەستێرەی پێشووی یانەی هەولێر و هەردوو هەڵبژاردەی لاوان و یەکەمی عێراق بۆ تۆپی پێ کە ئێستا لە وڵاتی سوید دەژی، هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنایە.

هەردی سیامەند بۆ سەلاحەدین سیامەند لەبارەی تەندروستی براکەی گوتی: بەردەوام لەگەڵ سەلاحەدینی برام لەسەر هێلین و سوپاس بۆ خوا ئێستا تەندروستی باشە و لە ماڵەوە خۆی کەرەنتین کردووە، هەروەها گوتی: دوو رۆژ جارێک تیمێکی پزیشکی لەماڵەکەی خۆی سەردانی دەکەن.

سەلاحەدین سیامەند ئێستا لە ژێر کەرەنتینە و چارەسەریایە بۆ ئەوەی بەزووترین کات چاکبێتەوە، بەناوی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ کاپتن سەلاحەدین سیامەند دەخوازین و هیوادارین بەسەر ئەو پەتایەدا زاڵ بێت.

جێی باسە ئەو ئەستێرەیە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی شاری هەولێرە یەک لەو یاریزانە دیارانە بوو کە لەپاڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق کە توانیان نازناوی جامی لاوانی ئاسیای ٢٠٠٠ بەدەست بهێنن، هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی یەکەمی عێراقیش بەشداری پاڵاوتنەکانی مۆندیالی ٢٠٠٢ی کردووە، ئەمە جگەلەوەی ماوەیەکی زۆر بەدریسی زەرد بەرگری لە یانەی هەولێر کردووە و یەکێکە لەو یاریزانانەی کە لەلایەن جەماوەرەوە زۆر خۆشەویستە.



شەمەندەفەرەکەی مەدرید ناوەستێت




لە هەفتەی ٣٥ی خولی ئیسپانیا، یانەی ریاڵ مەدرید لەناو یاریگای خۆی بە دووگۆڵی بێبەرامبەر بەسەر ئالاڤێسدا سەرکەوت و پێگەی خۆی لە یەکەمی ریزبەندی بە بەهێزی هێشتەوە.

کەریم بنزیما و مارکۆ ئاسینسیۆ دوو گۆڵەکەی یانەی ریاڵ مەدریدیان تۆمارکرد. بەو بردنەوەیە ریاڵ بە کۆکردنەوەی ٨٠ خاڵ و بە جیاوازی٤ خاڵ لە دووەمی ریزبەندی مایەوە و تەنها سێ یاریش لە خولی ئیسپانی ماوە، بە بردنەوەی لە دووياریدا ریاڵ مەدرید دەپێتە پاڵەوانی ئەمساڵی خولی ئیسپانیا.



رۆژی دووشەممە کاتژمێر ٢٣ بەکاتی هەولێر ریاڵ مەدرید لە دەرەوەی یاریگای خۆیدا رووبەرووی گرانادا دەبێتەوە. لە یاری چوونداً یانە مەدریدیەکە بە ٤ گۆڵ بەرامبەر بە دووگۆڵ لە گرانادای بردۆتەوە و واچاوەڕوان دەکرێ ئەو یاریە بۆ ریاڵ مەدرید قۆرس نەبێت و سێ خاڵی یاریەکە لە چنگ ئەو یانەیە دەربێنێت.

دی خیا ریکۆردی شمایکل دەشکێنێت



داڤید دی خیا گۆڵپاریزی ئیسپانی ریکۆردەکەی پیتەر شمایکلی لەبەشداریکردنی زۆرترین یاریی لە ریزی یانەی مانچستەر یونایتد شکاند. دی خیا لەمبارەیەوە گوتی: ببووره شمایکل، ئەمە هەستیکی جوانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ماوەیەکی زۆرە لەو یانەیەم و بەشێوەیکی باش یاری دەکەم، بۆیە بەختەوەرم، بەختەوەرم کە لەزۆربەی یاریيەکانی ئەو یانەیە یاریم کردووە، هیوادارم ٤٠٠ یاری دیکەی داهاتوو بەشداری بکەم، بۆیە دەڵێم بەختەوەرم.

یاریزانێکی گۆڵفی ئەمریکی مەرجی هەیە



رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی لە زاری پایچ سپیراناچی خانمە یاریزانی گۆڵفی ئەمریکی گواستویەتییەوە کە ئەگەر پیاوان بیانەوێت وێنەی رووتی ئەو ببینن، پیویستە لەسەریان ئەوان وینەی حۆیانی بۆ بنێرن، ئەوە بۆ ئەوەنا کە سەیریان بکات، بەڵکو تەنها بۆ دڵناییە و بەس، رۆژنامەکە دەگوازێتەوە و نوسیویەتی: من پێویستم بەشتیکی تایبەتی ئەوە، هەروەك چۆن شتێکی تایبەتی منی لایە، ئەمە هەمووی لە ئەزموونی رۆژنامەی خۆم فێربووم.

لەلایەکی دیکەوە راهێنەرەکەی ئەم خانمە تورەیی خۆی بەرامبەر ئەم لێدوانە نیشانداو رایگەیاند کە پێویست ناکات وەرزشوانێك لەم ئاستەدا بێت و خۆی بۆ پرسی لابەلاوە سەرقال بکات، پێی گوت کە راهێنانێك بکات لەمە سوودی زیاترە دەبێت.



2 ساڵە ریال مەدریدی جێهێشتووە

خەبات: سولین سلێمان

دوو ساڵ لەمەوبەر و رێک لە ١٠ مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠١٨، کریستیانۆ رۆنالدۆ ئەستێرەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی، یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی جێدەهێڵێت پەیوەندی بە یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵییەوە دەکات، یانەی یۆڤێنتۆس لە ماڵپەڕی فەرمی خۆیانەوە کۆمەڵێك گرتەی ناوازەی تایبەت بە رۆنالدۆیان بڵاوکردۆتەوە، هەر بەم بۆنەیەوە یانەی خانمە پیرەکە ئاهەنگێکیان بۆ رۆنالدۆ رێکخست، ماڵپەڕی فەرمی» فیفا « ش لە تویتەر بڵاویانکردۆتەوە کە دڵخۆشن بە بوونی رۆنالدۆ لە ریزەکانی یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی، لەگەڵ ئەوەش چەند وێنەیەکی کریستیانۆ رۆنالدۆیان بڵاوکردۆتەوە.

کریس لەم وەرزەدا توانیویەتی ریکۆردێکی نوێ تۆمارباکات چونکە زۆرترین گۆڵی لەم وەرزەدا بۆ یانەکەی تۆمار کردووە ، هەر ئەو ئەستێرەیە لەگەڵ یانەی یۆڤێنتۆس دوو نازناوی سێریا ئەی و جامی سوپەری ئیتاڵی بەدەستهێناوە.

لە هاڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Sun. 12 Jul. 2020 No. (5971)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595

یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616





ساڵیادی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پوختەی چالاکییەکانی ساڵی یەکەمی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان 7 _ 14



جەژنی کتێب : جەژنی ژیان

مومتاز حەیدەری

گابریل گارسیا مارکیز دەڵێ: شیعر ژیانە : ژیانیش شیعرە

لەسەروبەندی خاوەن قەڵەمە نەمرەکانەوە

ئاوڕدانەوەیەکی کلتووری مەزن



بەوپەڕی شانازی و ڕێزگرتنەوە، هەواڵی دانانی پەیکەری گەورە شاعیری کوردستان کۆچکردووی نەمر کەژاڵ ئیبراهیم خدر لەم بەرهەمەدا بڵاو دەکەینەوە، کە بە سپۆنسەری دەزگای خێرخوازی کەریمی عەلەکە جێبەجێکراوە.

هاوکات پەیکەری مامۆستا سنۆبەری شەهید بە سپۆنسەری ڕووناکبیری ناسراوی کوردستان وخاوەنی دەزگای جەمال عیرفان، دکتۆر تەها ڕەسوڵ هاتزتە کایەوە، هەڵبەت زێدە مایەی دەست خۆشییە.

هەر لێرەشدا دەقی نووسینەکەی مامۆستا مۆفەق میراوەدلی، کە خاوەن کتێبخانەو ئەرشیفێکی هەرە گەورەیە، بڵاو دەکەینەوە.

تەمەن و سەربەرزی بۆ گەورەیی یاڵا شیعر، کەژاڵ ئیبراهیم خدر

سەرنج - شایانی باسە دکتۆر تەها ڕەسوڵ خاوەن ژمارەیەک دەستپێشخەری کلتووریە، بڕیاریداوە پەیکەرێکی شایستە بۆ نووسەر و ڕۆمانتووسی گەورە شەهید عارف بەرزنجی و هی دیکە جێبەجێ بکات.

جێی ئاماژەیە لەگەڵ پەیکەری شاعیری نەمر کەژاڵ ، پەیکەری بۆ شەهید مامۆستا سنۆبەر مەحمود ئەحمەد کە بە سپۆنسەری دکتۆر تەها جێبەجێ کراوە... دەستتان خۆش.

مومتاز حەیدەری

پەیکەرەکەی کەژاڵ ئیبراهیم و مامۆستا سنۆبەری شەهید پەردەیان لەسەرلادرا

لەسەرنەرکی بۆ بەڕێزم دکتۆر تەها ڕەسوڵ دروست کراون

شەمڕۆ ئێوارە لەشاری قەڵادزێ پەردە لەسەر هەردوو پەیکەری شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدرو مامۆستا سنۆبەر لادرا.

کەژاڵی شاعیر

- خاوەنی ٣٩ کتێبە
- شیعرەکانی بۆ ١٥ زمانی جیهانی وەرگێڕدراون.
- ٣٥٠ خەڵاتی وەرگرتووە.
- شیعرەکانی بکالوریۆس و ماستەری لەسەر وەرگیراوە.
- دکتۆراشی لەسەر دەنوسرێت.
- چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی کراوە.

ئەرک و خەرجی هەردوو پەیکەرەکە لەلایەن بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسوڵ دابین کراوە، لەلایەن پەیکەرسازان (بەختیار هەڵەبجەیی و زاهیر صدیق) دروست کراون.

مامۆستا سنۆبەر لە خۆپیشاندان وراپەڕینی ٢٤ / ٤/ ١٩٨٢ شەهید کراوەلەگەڵ دایکە نامینە.

سوپاس بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ و ڕێکخراوی بەکەلەپورکردنی پشدەر، هەموو ئەوانەی هاوکاری ئەو دوو پرۆژەیەبوون.

مۆفەق میراوەدلی

پشدەر - ٢٠٢٠/٦/٢٨